# كاریگەری بەكارهێنانی ستراتیجێتییەكانی "وتووێژی سوكراتی و كێشە بنێرە" لەسەر بیركردنەوەی زانستی و ئاڕاستە بەرەو وانەی گفتوگۆی ئەكادیمی لای خوێندكارانی زانكۆی كۆیە

**بەهات عەبدولڕەزاق سەعید[1]، كاوە عەلی محمد[2]**

[1،2] بەشی پەروەردە و دەروونزانی، فەكەڵتی پەروەردە، زانكۆی كۆیە، هەرێمی كوردستان، عێراق

**پوختە**

ئامانجی توێژینەوەكە بریتییە لە ئاشكراكردنی كاریگەری ستراتیجیەتەكانی ڕێگای وتووێژی سوكراتی و ڕێگای كێشە بنێرە لەسەر بیركردنەوەی زانستی و ئاراستەی خوێندكاران بەرەو بابەتی گفتووگۆی ئەكادیمی لە قۆناغی یەكەم فاكەڵتی پەروەردە لە زانكۆی كۆیە بۆ ساڵی خوێندنی ٢٠٢١ – ٢٠٢٢ ، میتۆدی بەكارهاتوو لەم توێژینەوەیە میتۆدی ئەزموونیە بە پێی سروشتی توێژینەوەكە. كۆمەڵگەی توێژینەوەكە بریتیە لە خوێندكارانی زانكۆی كۆیە، نموونەی توێژینەوەكە بریتیە لە سامپڵێك لە خوێندكارانی بەشی جوگرافیا لە فاكەڵتی پەروەردە لە زانكۆی كۆیە كە ژمارەیان (٤٥) خوێندكاربوو، دوای ئەوەی كۆمەڵەی ئەزمونی و كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو دیاریكراو هاوتاكردن لەچەند ئاستێك بۆ گروپەكان كرا، بەشێوەیەك كۆمەڵەی ئەزمونی یەكەم بەڕێگای سوكراتی وانەیان پی دەوترایەوە و كۆمەڵەی ئەزمونی دووەم بە ڕێگای كێشە بنێرە وانەیان پێدەوترایەوە كۆمەڵەی كۆنترۆڵكراو بە ڕێگای ئاسایی وانەی پێدەوترایەوە، توێژەر هەستا بە ئامادەكردنی فۆرمی ڕاپرسی كە بریتی بوو لە پێوانەی بیركردنەوەی زانستی كە وەرگیراو بوولە توێژینەوەی (القادری ٢٠٠٥)كە لە (٣٢) برگە پێكهاتبوو، بەڵام فۆرمێكی تر پێكهاتبوو لە پێوانەی ئاراستەی خوێندكاران بەچەند هەنگاوێكی زانستی دروستكرا كە پێكهاتبوو لە (٣٠) برگە، دواتر پاش ئامادەكردنی فۆرمەكان و دەرهێنانی ڕاستی و دروستی بە پێی شارەزایان و پسپۆران و دواتر دۆزینەوەی چەند جۆرێك لە جێگیری بۆ هەردوو پێوانەكە، دوای گەرانەوەی فۆرمەكان و بەتاڵكردنەوە و شیكردنەوەی داتاكان و بەكارهێنانی هاوكێشەی ئاماری توێژەر ئەنجامی توێژینەوەكەی خستەڕوو كە ڕێگای وتووێژی سوكراتی و ڕێگای كێشە بنێرە ئاستی بەڵگەداری ئامارییان هەبوو لەسەر هەریەك لە پێوانەی بیركردنەوەی زانستی وپێوانەی ئاراستەی خوێندكاران بەرەو بابەتی گفتووگۆی ئەكادیمی, لەكۆتایی توێژینەوەكەدا توێژەر گەیشت بەكۆمەڵێك دەرئەجام و پێشنیاز, بۆ لایەنی پەیوەندیدار بە توێژینەوەكە و توێژینەوە هاوشێوەكانی دواتر.

**وشە سەرەكییەكان:** ڕێگای سوكراتی، ڕێگای كێشە بنێرە، بیركردنەوەی زانستی، ئاراستە، خوێندكارانی زانكۆی كۆیە.

## ١. پێشەكی:

پرۆسەی پەروەردە دەكەوێتە سەر ژمارەیەك پێكهێنەر, كە ڕۆڵ دەبینن لە سەرسەركەوتنی پرۆسەكە, بەهۆی پێشكەوتنی نوێ كۆمەڵگا هەوڵدەدات سیستەمێكی پەروەردەیی و نوێ و گونجاو پەیڕەو بكات و گەشە بەسیستەمی پەروەردە بدرێت بە بەردەوامی, لە پرۆسەی پەروەردەدا مامۆستا كۆڵەگەیەكی سەرەكیە چونكە مامۆستای كارامەو لێهاتوو دەتوانێت ژینگەیەكی فێربوون بڕەخسێنێت و خوێندكاران ئاراستە بكات, هەروەها چاوەڕوان دەكرێت كۆمەڵێك گۆرانكاری لە كەسایەتی خوێندكاردا رووبدات

**١-١. كێشەی توێژینەوەكە:** پەروەردە پرۆسەیەكی ڕێكخراوی بەردەوامی ئامانجدارە بە مەبەستی گۆڕانكاری لە ڕەفتاری تاك لە هەموو بوارەكانی (جەستەیی و مەعریفي و سۆزداری و ڕەفتاری). بێگومان مامۆستا ڕۆڵێكی گرنگی هەیە لەو پرۆسەدا لە ڕێگای وانەوتنەوە بەئامانجی گۆڕانكاری لە ڕەفتاری خوێندكاردا، بۆ دەستهێنانی زانیاریی و مەعریفیی و لێهاتوویی و ئاراستە و بەهای خواستراوە لای خوێندكار، لە پێناو بەدیهێنانی ئەم ئامانجە فێركاریانە كە هەوڵ دەدات گۆڕانی ویستراو لە ڕەفتاردا بكات پێویستە مامۆستا هەڵبستێت بە گواستنەوەی ئەم مەعریفە و زانیاریانە بە شێوەیەكی سەرنج ڕاكێش كە جێگەی گرنگی پێدانی خوێندكار و ئارەزووەكانی بێت و

گۆڤاری زانكۆی كۆیە بۆ زانستە مرۆڤایەتی و كۆمەڵایەتییەكان، بەرگی ٧، ژمارە ١ (٢٠٢٤)
ڕێككەوتی: وەرگرتن ١٦ ئایار ٢٠٢٣؛ پەسەندكردن: ٢٠ ئاب ٢٠٢٣
توێژینەوەی ڕێكخراو: لە ١٦ حوزەیران ٢٠٢٤ بڵاوكراوەتەوە.
ئیمەیڵی توێژەر: bahat.betushy@koyauniversity.org
مافی چاپ و بڵاوكردنەوە © ٢٠٢٤ **بەهات عەبدولڕەزاق سەعید و كاوە عەلی محمد**، گەیشتن بەم توێژینەوەیە كراوەیە لە ژێر ڕەزامەندی - CC BY-NC-ND 4.٠

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

پاڵنەر بێت بۆ فێربوون. (سیوەیلی، ۲۰۱۷: ۱۲). توێژەر بە پێی ئەزموونی خۆی وەك مامۆستا لە بواری وانەوتنەوەدا لە ناو زانكۆ بۆ ماوەی (۱۰)ساڵ و تێكەڵ بوونی لە گەڵ مامۆستایانی تر و تاوتوێكردن لە گەڵ زۆربەی مامۆستایان بینی زۆربەی مامۆستایان نارازین لە ئاستی ئەكادیمی خوێندكاران بەگشتی ئاستیان لاوازە لەبەشداریكردن و وەڵامدانەوەی پرسیارەكانی ناوپۆلدا هەروەها توێژەر لە میانەی وانە وتنەوەی لەگەڵ خوێندكارانی زانكۆ لە قۆناغە جیاجیاكانی تری زانكۆ دركی بە نزمی و لاوازی ئاستی خوێندكاران كردووە بەوەی كە خوێندكاران هەوڵی وەرگرتنی زانیاری و فێربوون نادەن هیچ هاندان و پاڵنەرێكیان نیە بۆ گفتوگۆكردن وگرنگی دان بە بەشداریكردن و گەران بەدوای زانیاریداو هەوڵی رەخنەگرتن نادەن لە ئەنجامدانی گفتوگۆكردنی زانستی و وانەوتنەوەی لە پۆلداو لە قۆناغە جیاجیا كاندا توێژەر هەستی بەوە كردووە كە توانای خوێندكار لە مامەڵەكردن و گفتوگۆكردن لە ئاستی زانكۆدا نیە و بە لاوازی دەردەكەوێت خوێندكاران توانای گفتووگۆكردنیان نیە لە ناو پۆلداو هەوڵی بەشداریكردن نادەن لەوانەیە هەندێ هۆكار وابكات كە خوێندكاران گرنگی نادەن بە فێربوون وەك نەگونجاوی هۆڵەكانی خوێندن و دابین نەكردنی پێداویستیەكانی ناو پۆل و مامۆستا نەتوانێت كەشێكی ئارام و پەروەردەیی دروست بكات لە پۆلدا و لەوانەشە هۆكاری لاوازی باری ئابووری خێزان و پرنەكردنەوەی پێداویستی بۆ خوێندكاران ئەمانە وابكات كە خوێندكاران زۆر گرنگی بە لایەنی وەرگرتنی زانیاری و فێربوون نادەن یاخود گرنگی نەدانی مامۆستایان بە خوێندكاران بەگشتی و نەبوونی چالاكی گونجاو و بەكارنەهێنانی تەكنیكی تازەگەری لە وانەوتنەوەدا و لە چالاكییەكاندا و دووبارە كردنەوە و خوێندنی كلاسیك هۆكارین بۆ خوێندكاران كە پاڵنەریان نەبێت بۆ بەشداریكردن و گفتووگۆ و ئەنجامدانی چالاكی لە پرۆسەی خوێندندا, توێژەر لە ئاكامی پرسین و گفتووگۆكردنی لەگەڵ مامۆستایان و تایبەت ئەو مامۆستایانەی بابەتی گفتووگۆی ئەكادیمی دەڵێنەوە تێبینیكرد كە خوێندكاران لەقۆناغی یەكەم بابەتی گفتووگۆی ئەكادیمی دەخوێنن بۆیە پێویستە كە بتوانن گفتووگۆی زانستی ئەنجام بدەن و بیركردنەوەیان فراوان بێت و توانایان بەرزبێت توێژەر تێبینی كرد كە تێروانین لە بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی بە بابەتێكی لاوەكی لە لایەن بەشێك لە مامۆستایانەوە سەیر دەكرێت و بەشێك لە مامۆستایانی بابەتی ناوبراو گرنگیەكی ئەوتۆ بە بابەتەكە نادەن ووانەوتنەوە لەو بابەتە بەشێوەیەكی كلاسیكەو مامۆستایان زۆر ناچنە ناو كرۆكی لایەنی زانستی و كرداری خوێندكارداو تەنیا گرنگی بەلایەنێكی كەمی ئەم بابەتە دەدرێت لەلایەكی ترەوە نەبوونی پلانێكی تۆكمە بۆگشت مامۆستایانی ئەو بابەتە دەڵێنەوە و گرنگی نەدانی مامۆستاكان بەچالاكییەكان و گفتووگۆكان لەگەڵ خوێندكاراندا هەر بۆیە خوێندكاران وەك پێویست نەیانتوانیوە سود مەندبن لە بابەتەكە و بە بۆ چونی توێژەر ئەمە بۆ رۆڵی مامۆستا دەگەرێتەوە لە بە هەند وەرنەگرتنی بابەتەكە هەروەها ئەو هەولانەی كە مامۆستا بەكاریدەهێنێت لەم بابەتەدا زۆر كەمەو ئەمەش دەكەوێتە سەر ئەوەی تاچەند مامۆستا شارەزایە لەم بابەتەداو زۆرجار دەبینین كە مامۆستایان چالاكیەكان كە دەبێت بكرێت لەو بابەتە فەرامۆش دەكەن ئەمەش دەبێتە هۆی گرنگی نەدان بە خوێندكار وبە تواناكانیان هەروەها بە هەند وەرنەگرتنی رۆڵی بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی لە بونیاد نان و دروستكردنی كەسایەتی ئەكادیمی خوێندكاریۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ لە ناو پۆلدا لە لایەكی تر خوێندكار لە ئاستی رەخنە گرتن و رێزگرتنی بەرامبەردا كەسایەتیەكی لاواز دەنوێنێت كە توانای پەسەنكردنی بیر و بۆچوونی بەرامبەری نیە و خوێندكار چەقی بەستووە بەبیركردنەوەیەكی نەرێنی و هەوڵی رەخنەگرتن نادات بەشێوەیەكی زانستی.بۆیە توێژەر پێی باش بوو كە دوو رێگا لە رێگاكانی وانەوتنەوە تاقیبكاتەوە كە ئەمانیش رێگای سوكرات و رێگای كێشەكە بنێرە بوو بەمەبەستی زانینی كاریگەرییان لەسەر بیركردنەوەی زانستی و زانینی ئاراستەی خوێندكاران سەبارەت بەبابەتی گفتووگۆی ئەكادیمی كە یەكێكە لەبابەتە گرنگەكان لەقۆناغی یەكەمدا لەزانكۆكاندا دەخوێندرێت كە پێویستە خوێندكار هەر لەسەرەتای دەستپێكی قۆناغی زانكۆیدا فێری گفتووگۆی زانستی ببێت و بتوانێت پەرەبە تواناكانی بدات و فێرببێت كە چۆن رێزلە بەرانبەر بگرێت و بۆ چوونی بەرانبەر قبووڵ بكات و رخنەبگرێت بەشێوەیەكی ئەكادیمی. لە لایەكی تریشەوە بیركردنەوەی زانستی و گفتوگۆی زانستیانە لە لایەن خوێندكارانەوە پێداویستیەكی پەروەردەییە خوێندكار پێویستی بە بەرزكردنەوەی توانا رۆشنبیریەكانی هەیە تاوەكو بتوانێت گفتوگۆیەكی زانستی لە گەڵ هاوپۆلەكانی و كەسانی تر بە سەركەوتوانە ئەنجام بدات و بتوانێت لە ژیانی رۆژانەدا سودی لێ وەربگرێت. نەبوونی وەڵامێكی زانستی بۆ ئەو پرسیارەی كە (بەكارهێنانی ستراتیجیەتەكانی "ووتو وێژی سوكراتی وكێشە بنێرە" كاریگەری دەبێت لەسەر بیركردنەوەی زانستی و ئاراستەبەرەو وانەی گفتوگۆی ئەكادیمی لای خوێندكارانی زانكۆی كۆیە) وەك كێشەیەك شایەنی بایەخدانە لەلایەن توێژەرەوە هەربۆیە بریاری ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە درا.

## ۱-۲. گریمانەكانی توێژینەوەكە

ئەم گریمانە (سفریە) بۆ دڵنیابوون لە راستی و دروستی ئامانجی توێژینەوەكە.

۱-هیچ جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناكرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەكانی گرووپی ئەزمونی یەكەم كە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوكراتی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەكانی گرووپی كۆنترۆڵكراو كە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گۆڕاوی بیركردنەوەی زانستی.

۲-هیچ جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناكرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەكانی گرووپی ئەزمونی كە بە رێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوكراتی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەكانی گرووپی كۆنترۆڵكراو كە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندكاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی.

۳-هیچ جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناكرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەكانی گرووپی ئەزمونی دووەم كە بە رێگای ستراتیجیەتی كێشە بنێرە وانەیان پێدەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەكانی گرووپی كۆنترۆڵكراو كە بە رێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گۆڕاوی بیركردنەوەی زانستی.

٤-هیچ جیاوازیەكی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05) بەدی ناكرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەكانی گرووپی ئەزمونی دووەم كە بە رێگای ستراتیجیەتی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

کێشە بنێرە وانەیان پێدەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی.

## ١-٣. گرنگی توێژینەوەکە:

پەروەردە پرۆسەیەکی مرۆڤانەی بەردەوامە , نوێگەری بەردەوامی لە ڕووی ئاستی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و ئابوری بۆ کۆمەڵگە بەدیدەهێنێت  پەروەردە بەردەوام لە فراوان بوون و پەرەسەندندایە و بەردەوام لە گرنگی دانە و گرنگی پێدەدرێت پرۆسەی پەروەردە لە ئێستادا بەرپرسیاریەتێکی ئاوێتەو فرە ڕەهەند و فرە لایەنە, پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی ئاراستەکردن و وشیاری و ڕۆشنبیریە بۆ گۆڕینی ڕەفتاری تاك و کۆمەڵ لەسەر بنەمای ئەو ڕۆڵەی پرۆسەی پەروەردە دەیبینێت واتای ڕاستەقینەی پەروەردە پرۆسەی دەرهێنانی توانای تاکە لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و پێکهێنانی ئاراستەی تاکەکانە,بۆیە پەروەردە دەبێتە بنەما بۆ پێشکەوتنی زانست و ڕۆشنبیری و فێرکردن و دەبێتە بەشێك لە زانست و شارستانیەتی کۆمەڵگاکان بۆیە کۆمەڵگا  پێشکەووتوەکان گرنگی زۆر بەبواری پەروەردەو  فێرکردن دەدەن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانی کۆمەڵگاو پەرەسەندنی کۆمەڵگاو دروست بوونی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو وبەهێز کە بتوانێت تاکەکانی بەلێهاتوویی و پڕ زانیاری دروست بکات(الدباغ,١:٢٠٠٠). لە چوارچێوەی پەروەردەدا  پرۆگرام و ناوەرۆکی پرۆگرام دەگەیەندرێت بە خوێندکار بەشێوەیەکی باش و بەرێگایەکی وانەوتنەوەی دروست بۆ رێکخستنی هەنگاوەکانی کرداری فێرکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان پێویستە بەباشترین ڕێگاو شێواز ئامانجی وانەکە بەدەستبهێنرێت بۆیە پێویستە مامۆستا بتوانێت ڕێگایەکی وانەوتنەوەی گونجاو هەڵبژێرێت بۆ گەیاندنی زانیارییەکان کە لەگەڵ قۆناغی خوێندن و ئامانجی دیاریکراو و ناوەرۆکی بابەت بگونجێت و هەنگاوەکانی ڕێگای وانەوتنەوەکە لەسەر بنەما و پرنسیپی لۆژیکی و سایکۆلۆژی ناوەرۆکی بابەتەکان بخاتەڕوو واتە بەشێوەیەکی زنجیرەیی و سیستەماتیکی بێت هەروەها پێویستە ڕێگای بەکارهاتوو لە ڕوویەك گرنگی بە بەشداری خوێندکاران بدات و لە ڕوویەکی تر گرنگی بەلایەنی دەروونی خوێندکاران بدات(حەمەدامین,٢٠١٤: ١٦). هەروەها پرۆسەی وانەوتنەوە بریتیە لە ئەرکێکی گران و ئاڵۆز, ئەو شێوازەی وانەوتنەوە کە لەلایەن مامۆستایانەوە بەکاردێت یەکێکە لە فاکتەرە سەرەکییەکان کە کاریگەری هەیە لەسەر مانەوەی زانیاری بەشێوەیەکی گشتی,هەروەها گرنگی جێبەجێکردنی ستراتیجیەتەکانی وانەوتنەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان لەلایەن مامۆستایانەوە ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت چونکە هەر ڕێگاو شێوازێك ڕۆڵی خۆی هەیە لە ئامادەکردنی خوێندکاران لەڕووی وەرگرتنی زانیاری و لێهاتوویی و ویژدانیەوە.(سعادة وجمال, ١٩٩٨:٣٢). لێرەدا گرنگی وانەوتنەوە بە ستراتیجیەتی وتوو ووێژی سوکراتی دەردەکەوێت کە یارمەتی خوێندکار دەدات بۆ تێربوونی پێویستیەکانی و تێکەڵ بوونی لەگەڵ هاوپۆلەکانی و ڕاهێنانی بۆ ڕێکخستنەوەی بیرکردنەوەکانی و هەڵبژاردنی گونجاوترین وەڵام بۆ دەربڕینی ,هەروەها لە ڕێگای ئەم گفتووگۆیەوە خوێندکار گەشە بە کارامەیی بیرکردنەوەی بەرز دەدات بۆ تێگەشتن لە پرسیارەکان و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی هەروەها گەشە بەتوانای گوێگرتن لەبەرانبەرو ڕەخنەی بەرانبەر دەدات و پێویستە هەوڵبدات بەگوێرەی ئەو زانیاریەی کە خودی خۆی هەیەتی بگات بە وەڵامێکی گونجاو(الحیلة,٢٠٠١: ٢)

لەم سەردەمەی ئێستادا زۆربەی ستراتیجیەتەکانی فێرکردن چالاکن کە مامۆستا دەتوانێت بەکاریان بهێنێت ڕەنگە بتوانیت کام ستراتیجیەتە گونجاوە لەگەڵ بابەتەکەی بەکاربهێنێت یەکێك لەو ستراتیجیانەی کە خوێندکاران تێیدا چالاکن و لەگەڵ یەکتری گفتووگۆ دەکەن و بیروراکانیان دەگۆڕنەوە وهەوڵ دەدەن کە وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە بە وەڵامێکی زۆر زانستی و گونجاوکە پەیوەندی بەبابەتەکەوە هەیەئەمیش ستراتیجیەتی کێشە بنێرەیە ,ئەم ستراتیجیەتەی کێشە بنێرە پرۆسەیەکە کە هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و بیرکردنەوەیەکی وردو شیکردنەوەیەکی ورد کە ئەمەش دەبێتە هۆی گەشەپێدانی بیرکردنەوەی خوێندکارو توانای چارەسەری کێشەکانی دەبێت, یەکێکیتر لە ستراتیجیەتەکان کە لەم توێژینەوەیەدا بایەخی پێدراوە بریتیە لە ستراتیجیەتی کێشە بنێرە کە یەکێکە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە کەلەسەر دابەشکردنی خوێندکاران بەسەر چەند دەستەو گروپێکدا بەندە,ئەم جۆرە دابەشکردن و ڕێکخستنە دەبێتە هۆی ئەوەی کە خوێندکاران هاوکاری یەك بکەن لەگەشەکردنی توانای و شارەزاییاندا هەروەها هۆکارێکە بۆ هاندان و لێهاتوویی و شارەزایی خوێندکاران کە تیایدا فێری کاری بە کۆمەڵ و گیانی هاوکاری دەبن بەمەبەستی فێربوون و چارەسەرکردنی کێشەکانیان(طوالبة, ٢٠١٠:١٥٤). ئامانجی سەرەکی لە ستراتیژیەتی کێشە بنێرە هەوڵدەدات گەشە بە توانای خوێندکار بدات، چونکە زۆر لە خوێندکاران نازانن قەبارەی تواناکانیان چەندەو چۆن بەکاری بهێنن هەربۆیە ئەم ستراتیژیەتە هەوڵدەدات تواناکانی خوێندکار بەدیار بخات. لەو ستراتیژیەتەدا بە گروپ کاردەکەن و رۆحی کارکردن بەگروپ لەنیوان خوێندکار زیاد دەکات خوێندکار هەوڵدەدات بگات بە باشترین، هەروەها هەوڵدەدات گەشە بەتواناو لیهاتوویی خوێندکار بدات و لەو ستراتیژیەتەدا دەزانریت توانای تیگەشتنی خوێندکار بەرزە یان نزمە هەروەها خۆشەویستی و ڕێز دروست دەکات لەنیوان خوێندکاران و خۆشەویستی بۆ زانستەکەیان, کەواتە دەکرێت بڵێین کە ستراتیجیەتی (کێشە بنێرە) بریتیە لەو ستراتیجیەتە کەهانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوەیەکی قول بە مەبەستی گەڕان و دۆزینەوەی چارەسەری ئەو کێشەیەی کە وەڵامێکی دروست و گونجاویان نەبووە.

ستراتیجیەتی کێشە بنێرە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە بۆ کارکردنی بە گروپ و بیرکردنەوەی بە کۆمەڵ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و هانی خوێندکار دەدات بۆ بیرکردنەوە بە قوڵی و گەشەپێدانی توانا هزریەکانی و بەرزکردنەوەی ئاستی توانستی خوێندکار بۆ شیکردنەوەی بابەتەکان. لەپرۆسەی فێربوون و فێرکردندا خوێندکار ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت بۆیە پێویستە ژینگەیەکی گونجاوی بۆ دروست بکرێت کە پڕبێت لە کەشێکی ئارامی و ڕێزگرتن بۆئەوەی خوێندکار دەستکەوتێکی ئەکادیمی بەرز بەدەست بهێنێت  پێویستە هەموو لایەنەکانی پرۆسەی فیرکردن کە مامۆستایان و ئیدارییەکان و خوێندکار دەگرێتەوە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە یەکتری و قبوڵکردنی بۆچوونی بەرانبەر وەربگرن بۆ بەرزکردنەوەی ڕەفتاری ئەرێنی و چاندنی بەهای بەرز لەلای خوێندکاران  ڕۆڵی مامۆستا بەرێوەبردنی هەڵوێستی وانەوتنەوەیە بەلایەنی پراکتیکی و فێرکردن بۆیە مامۆستا دەبێت توانای ئەنجامدانی وانەوتنەوەی باش هەیە کەواتە مامۆستا دەورێکی سەرەکی دەبینێت لەوانەوتنەوەی ڕاستەقینەدا و پێویستی بەکۆمەڵێك زانیاری  جۆراوجۆرهەیە(محمود,٢٠٠٦: ١٦) یەکێکیتر لەگۆڕاوەکانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە ئاراستەی خوێندکاران هەربۆیە ئاراستەکان و شارەزاییەکانی

خوێندكاران بەشێوەیەكی رێك و پێك كۆدەبێتەوە بەجۆرێك كە یارمەتی خوێندكاران دەدات رەفتارەكانی رێكبخات لەگەڵ ڕارودۆخەكان و دەوروبەری. بەگوێرەی زانیارییەكان و توێژینەوەكانی پێشووتر دەركەوتووە كە ئاراستەی خوێندكاران گرنگە لەپرۆسەی فێربوندا چونكە خوێندكاران رەگەزێكی سەرەكی پرۆسەی پەروەردەو فێركردنن و وانەبێژی داهاتوون, بۆیە پێویستە گرنگی بەلایەنی ئەقڵی و دەرونی و كۆمەڵایەتی خوێندكاران بدرێت بەباشترین شێوەو بتوانرێت خوێندكاران تواناكانیان بەكاربهێنن و ئاراستەیەكی باشیان هەبێت بۆ بابەتەكان و راهێنانی خوێندكاران لەسەر چۆنیەتی بیركردنەوەو ئاراستەیان بۆ شتەكانی دەوروبەریان وادەكات كە رووبەرووی هەر پێشهاتێك ببنەوە كە رووبەروویان دەبێتەوە.(الركابي وعبور, ٢٠١٤: ٢).

**١-٤. ئامانجەكانی توێژینەوەكە:**

١ - ئاشكراكردنی كاریگەری بەكارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی (ستراتیجیەتی ووتوێژی سوكراتی) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی لە سەر بیركردنەوەی زانستی لای خوێندكارانی گروپی ئەزموونی یەكەم وگروپی كۆنترۆڵكراو لە قۆناغی یەكەم لە زانكۆی كۆیە.

٢ - ئاشكراكردنی كاریگەری بەكارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی (ستراتیجیەتی ووتوێژی سوكراتی) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی لە سەر ئاراستەی خوێندكارانی گروپی ئەزموونی یەكەم وگروپی كۆنترۆڵكراو قۆناغی یەكەم لە زانكۆی كۆیە.

٣-ئاشكراكردنی كاریگەری بەكارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی ( ستراتیجیەتی كێشە بنێرە )بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی لە سەر بیركردنەوەی زانستی لای خوێندكارانی گروپی ئەزموونی دووەم و گروپی كۆنترۆڵكراو قۆناغی یەكەم لە زانكۆی كۆیە.

٤-ئاشكراكردنی كاریگەری بەكارهێنانی رێگای وانەوتنەوەی ( ستراتیجیەتی كێشە بنێرە) بۆ وتنەوەی بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی لە سەر ئاراستەی خوێندكارانی گروپی ئەزموونی دووەم و گروپی كۆنترۆڵكراو لە قۆناغی یەكەم لە زانكۆی كۆیە.

**١-٥. سنوری توێژینەوەكە:**

١- سنوری بابەت: بەكارهێنانی ستراتیجیەتەكانی سوكراتی و كێشە بنێرە لە بابەتی (گفتوگۆی ئەكادیمی) بۆ قۆناغی یەكەم كە پێكهاتبوو لە كۆمەڵێك بابەت,بۆ پێوانەی بیركردنەوەی زانستی و ئاراستەی خوێندكاران بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەكادیمی.

٢- سنوری كات: وەرزی یەكەمی ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).

٣- سنوری مرۆیی: خوێندكارانی قۆناغی یەكەم لە سەرجەم فاكەڵتی و بەشەكانی زانكۆی كۆیە دەوامی بیانیان دەگرێتەوە جگە لەبەشە پزیشكیەكان.

٤- سنوری شوێن: زانكۆی كۆیە.

**١-٦. پێناسەی زاراوەكان**

**ستراتیجیەتی وتووێژی سوكراتی:** پێناسەی ( شمري, ٢٠١١ ):بریتیە لەو ستراتیژیەتەی كە تایبەتە بە خوێندنەوە و گفتوگۆكردن، كە بە رێگەی سوكراتی ئەنجام دەدرێت، مەبەستی سەرەكی ستراتیژیەكەش بریتیە لە هاندانی خوێندكاران بۆ ئەوەی بە شێوازێكی تایبەت و بە رێزەوە گفتوگۆ بكەن و بە قولی بچنە نێو بابەتەكە، هەر بۆیە دەڵێت بازنەی وتوێژی سوكراتی بریتیە لە وتووێژ بۆ ئەوەی خوێندكار بتوانێت پەرە بە تواناكانی لە بیركردنەوەی ئاست بەرز بدات ئەمەش لە رێگەی گفتوگۆ بە پرسیاركردن و وەڵامدانەوە و بەرجەستەبونی پوختەی چەمك وەك "راستی، هاوتایی، جوانی، یەكسانی. (الشمری, ٢٠١١: ١١).

**پێناسەی رێكاری توێژەر بۆ وتووێژی سوكراتی:** ستراتیجیەتێكەكە بۆ گرووپی ئەزموونی یەكەم بەكاردێت پشت دەبەستێت بە رێكخستنی خوێندكاران لەگەڵ مامۆستا لە بازنەیەكی نیمچە داخراو لەناو پۆلدا, مامۆستا لەرێگای پرسیاركردنی ورد هەوڵدەدات بیركردنەوەی خوێندكاران بوروژێنێت بۆ ئەوەی بیربكەنەوە لە وەڵامی راست و بگەن بە زانیاری تەواو لەرێگای بەشداریكردن و گفتووگۆكردن لە ناو ئەو بازنەیەدا واتە خوێندكاران بە هەر سێ قۆناغدا تێپەربن بۆئەوەی بگەن بە كۆتا وەڵامی راست و دروست. ستراتیجیەتی كێشە بنێرە، پێناسەی( Bender & Waller,2011 )

بریتیە لە ستراتێژیەتی فێركردنی هاریكاری كە هانی متمانەپێكردنی سەربەخۆیی ئەرێنی گروپەكە دەدات و كارامەیی بیركردنەوەی ئاست بەرز بە كاردێنێت كە لە نێوانیاندا شیكردنەوە و هەڵسەنگاندنە. ( Bender & Waller,2011: 129

**پێناسەی رێكاری توێژەر بۆ ستراتیجیەتی كێشە بنێرە:** ستراتیجیەتێكی وانەوتنەوەیە بۆ گروپی ئەزموونی بەپێی هەنگاوەكانی كە خوێندكاران دەكرێن بە چەند گروپێك و كاردەكەن و برسیاریان ئاراستە دەكرێت و دەبێت وەڵامی راست بدۆزنەوەو لەسەر كارتی تایبەت بینووسن و كارتەكان لەنێوان گروپەكان ئاڵوگۆر بكرێت و وەڵامی گروپەكان بخرێتەروو دواتر مامۆستا گشتاندن بۆ وەڵامەكان بكات و وەڵامی راست بخاتەروو و هەڵسەنگاندن دەكات بۆ بەدەست هێنانی ئامانجە فێركارییەكان.

**بیركردنەوەی زانستی (Scientific Thinking):** شراك (٢٠١٩)، پێناسەی كردووە بەوەی بیركردنەوەیەكی رێكخراوە بەئامانجی خوێندن و لێكدانەوەی دیاردەكان و دۆزینەوەی رێسا زانستییەكانی حوكمڕان بەسەریاندا، لەسەر بنەمای میتۆدێكی زانستی لەگەیشتن بەچارەسەرەكان بۆ سەلماندنیان.( شراك،٢٠١٩: ٢١).

**پێناسەی رێكاری توێژەر بۆ بیركردنەوەی زانستی:** بریتیە لەو نمرەیەی كە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەكە لەپێوەری بیركردنەوەی زانستی بەدەستیان هێناوە لە رێگای ئەو نمرانەوە پێوانە دەكرێت لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی برگەكانی بیركردنەوەی زانستی كە بۆ ئەم توێژینەوەیە ئامادەكراوە.

**ئاراستە (Attitudes):** پێناسەی البورت وەرگیراو لە عزیز (٢٠١٤)، حاڵەتێكە لەئامادەباشی دەماری و دەروونی رێكخراو لە دەرئەنجامی شارەزایی كەسەكە دروست دەبێت و كاریگەری لەسەر وەلامدانەوەی كەسەكە دەبێت بۆ هەموو ئەو بابەت و بارودۆخانەی كە ئەم وەلامدانەوەدەوروژێنێت.(عزیز,٢٠١٤: ٢٠٠).

Original Article |DOI: https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

**پێناسەی ڕێکاری توێژەر بۆ ئاڕاستە:** بریتیە لە کۆی نمرەکانی کە ئەندامانی نموونەی توێژینەوەکە بەدەستی دەهێنن دوای وەڵامدانەوەیان لەسەر بڕگەکانی پێوانەی ئاراستە بۆ بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمی کە لەم توێژینەوەیەدا بەکاردەهێنرێت.

**بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی: پێناسەی ( J.K. Garcia٢٠٢١) :** "بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بە سادەیی وەک دیبەیتێک پێناسە دەکرێت کە لەژێر چاودێری دامەزراوەیەک پەروەردەیی ئەنجام بدرێت بە ئامانجی دابینکردنی هەلی خوێندن بۆ خوێندکارەکانی. مەبەست لە دیبەیتێکی ئەکادیمی ئەوەیە کە ڕێگە بە ڕکابەرە هاوتاکان بدات بۆ خستنەڕووی مشتومڕی هاوسەنگ و بەڵگە دەربارەی کێشە گرنگەکان"(J.K. Garcia, 2021,43)

## ٢. چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### ٢-١. ستراتیجیەتی وتوویێژی سوکراتی

ئەم ڕێگایە بە ڕێگای سوکراتی ناسراوە لە سەر بنەمای ئاراستەکردنی پرسیار لە لایەن مامۆستاوە بۆ خوێندکار، بە مەبەستی ووروژاندنی بیری خوێندکار و بەئاگابوونی لە وانەکە بە واتایەکی تر مەبەستی سوکرات لە بەکارهێنانی ئەم ڕێگایە دەرخستنی بێ ئاگایی بەرامبەرە لەو زانیاری و مەعریفە هەڵانەی کە هەڵگریەتی و بە ئاگاهێنانەوەیەتی لە ڕێگای پێدانی زانیاری دروست و ئاراستەکردنی پرسیار و تێڕامان لە سەر بابەتی گفتوگۆ و لە کۆتاییشدا گەیشتن بە وەڵامی ڕاست و نوێ , دەتوانین پێناسەیەکی ڕێگاکانی سوکراتی بکەین کە بریتییە لە ڕێگایەکی وانەوتنەوە کە پشت دەبەسێت بە گفتوگۆی زارەکی لە نێوان مامۆستاو خوێندکاردا یاخود لە نێوان خوێندکاراندا بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زانیاری لە سەر بابەتێك بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاست و گونجاو بۆ بابەتەکە. ڕێگای گفتوگۆیی بۆ یەکەم جار لە لایەن فەیلەسوفی یۆنانی سوکرات (٤٧٠-٣٩٩ پ.م.) بەکارهات، تاوەکو ئێستاش ئەم ڕێگایە بە گونجاو دەزانرێت ، سوکرات پرسیاری دەکرد و دەگەڕا بە دوای هەموو جۆرە ڕێگایەك، کە سوکرات هەر دەرفەتێکی بۆ دەڕەخسا گفتوگۆی لە سەر بابەت و کێشەکان دەکرد و پرسیاری لی دەکردن و وتوێژی لە گەل ئەنجام دەدان و گوێی لە وەلآمەکانیان دەگرت تا دەگەیشت بە ڕاستیەکان بە بێ بوونی گومان لە بابەتەکە. (جامل، ٢٠٠١: ١٣٣).

**شێوازەکانی ستراتیجیەتی وتوویێژی سوکراتی:**

١. **گفتوگۆی کراوە :** لێرەدا کێشەیەك یان بابەتێك کە پەیوەندی بە وانەکە هەیە دەخرێتە بەردەم خوێندکار و دەبێتە سەرەتای دەستپێکی گفتوگۆ لە گەڵ خوێندکارەکاندا, ئەم ریگایە بۆ وانە وتنەوە دەوەستێتە سەر ئاستی زانیاری و توانای لێهاتویی مامۆستا لە ئاراستەکردن و توانستی کۆنتڕۆڵکردن و ڕاستکردنەوەی بۆچونە هەڵەکان و پێدانی زانیاری ڕاست و دروست لە سەر بابەتەکە, ئەم گفتووگۆیە ڕێکخستنێکی تۆکمەی ئامانجدارە بە ئاراستەی گفتوگۆکردنێکی ئازاد و ووتوێژکردن لە نێوان تاکەکاندا.

٢. **گفتوگۆی پلان بۆ دانراو :** لەم جۆرە گفتوگۆیەدا پلان بۆ بابەتەکە دانراوە و بابەتەکە دیاریکراوە، کە لێریدا مامۆستا ناوەڕۆکی بابەتەکان و بیرۆکەکان دیاري بکات و پرسیارە سەرەکیەکان بۆ خوێندکاران دادەڕێژێت.

٣. **گفتوگۆی خستنە ڕوو :** لەم جۆرە گفتوگۆیەدا والە خوێندکاران بکات کە ئازادانە و سەربەخۆیانە گفتوگۆ و ڕاهێنانی مێشکیان بکەن بۆ ئەوەی پرسیاریان لا دروست بێت و لە کاتێکدا مامۆستا پرسیاریان ئاراستە بکات، خوێندکارەکان هەوڵدەدەن لە ڕێگای ئەو زانیاریانەی کە هەیانە ڕێکخستنیان بۆ بکەن و بە یەکەوە وەڵامی ڕاستیەکان بدۆزنەوە لەم جۆرە گفتوگۆیەدا یارمەتی خوێندکار ئەدات کە کار لە سەر خاڵە نادیارەکان بکەن و بابەتەکە ڕوون بکەنەوە و شیکردنەوەیان بۆ بکەن ، کە لەم جۆرەدا یارمەتی خوێندکار دەدات کە وەلآمە ڕاستیەکان لە مێشك و هزریدا هەڵگرێت و بیاندۆزێتەوە.

٤. **گفتوگۆی دۆزینەوەی وتو وێژی :**سوکرات لە گفتوگۆ سەرەکییەکاندا وەڵامی ڕاستی لە سەرەتادا بە خوێندکارەکان نەدەدا، کە ئامانجی سوکرات ئەوە بووکە زانیاری بە خوێندکارەکان بدات، بەلآم مەبەستی سەرەکی سوکرات وروژاندنی زانیارەیەکانی خوێندکاران و بە دەستهێنانی شارەزایی بوو لە ڕێگای بیرکردنەوە بۆ گەیشتن بە وەلآمی ڕاست و دۆزینەوەیان لە لایەنم خودی خوێندکارەکان، کە ئەمەش پێی دەوترێت شێوازی لە دایکبوونی گفتوگۆ بە ڕێگای سوکراتی، لێرەدا بەم شێوازە خوێندکار پشت دەبەسێت بە توانای بیرکردنەوەی خۆی لە دۆزینەوەی ڕاستیەکان و ڕێکخستنیان بێ ئەوەی پشت بە کەسانی تر ببەسێت.

**٥.گفتوگۆی بە کۆمەڵی ئازاد:** لەم جۆرە گفتوگۆیەدا خوێندکاران لە شێوەی نیوە بازنەیي دادەنیشن و پێکەوە گفتوگۆ لە سەر بابەتێك دەکەن کە لە لایەن مامۆستاوە پرسیاری لە سەر کراوە، ڕاو بۆچونی یەکتری وەردەگرن، کە لێرەدا زۆرترین بەشداریکردن دێتە ئاراوە، بۆچونەکانی خۆیان دەردەبڕن و ڕەخنە دەگرن و توانای خودی خۆیان بەکار دەهێنن، مەبەستی سەرەکی لەم جۆرە گفتوگۆیەدا بەشداریەکی چالاکانەی زۆربەی خوێندکارەکانە کە بە یەکەوە سود لە ڕاو بۆچونی یەکتری وەردەگرن. (جري واخرون، ٢٠١٨:١٤٦).

**ستراتیجیەتی وتوویێژی سوکراتیی بە چەند قۆناغێك تێدەپەڕێت کە پێکدێن لە :**

١. قۆناغی دڵنیایی: مەبەست لەم قۆناغەدا دەرخستنی زانیاری ناڕاستی بەرامبەرە لە بارەی ئەو باس و بابەتانەکە مەبەستیەتی و بە پێچەوانەی ئەو شتانەی پێشتێر باوەڕی پێی هەبووە, پێویستە ڕاو سەرنجی خوێندکارن بە هەند وەربگیرێت و ڕێز لە بۆچونەکانیان بگیرێت، تەنانەت ئەگەر راستیش نەبن بە شێوەیەکی پەروەردەییانە و زانستیانە وەلآم بدرێنەوە، بۆیە لە ڕاستیدا مامۆستا پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی تەواو هەیە، کە خۆی دەبینێتەوە لە ئامادەکردنی مەعریفی و ڕەنوسی تا بە ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی هەڵبستێت.
٢. قۆناغی گومان: لێرەدا پرسیارەکان ئاراستە دەکرێت و وەلآمیان دەدرێتەوە لە پێناوی باوەرهێنان بەو شتانەی کە پێشتر لەو باوەڕە بووە ڕاست نین یاخود بەشێکن لە ڕاستی,هەروەها تەکنیکێك کە لە سەر بنەمای ڕون و دیاریکراوە بە شێوەیەکی چالاکانە گفتوگۆی بەها و بە

ئامانجدار ئەنجامبدرێت لە نێوان مامۆستاو خوێندکاران ، لێرەدا خوێندکاران شان بە شانی مامۆستا کە هاندەریەتی بۆ بەشداریکردن، بەشداریەکی کار دەکەن بۆ گەیشتن بە وەڵامێکی ڕاست و دروست.

٣. قۆناغی دڵنیایی پاش گومان: لەم قۆناغەدا گەڕان و لێکۆڵینەوە لە لایەن بەرامبەرەوە واتە خوێندکاران بابەتەکە دەست پێ دەکات لە پێناوی گەیشتن بە ڕاستی نوێ لە ڕێگەی بەڵگە و سەلماندنەوە لە بڕی ساویلکەیی و خۆش باوەڕی,خوێندکاران هەوڵی دۆزینەوەی وەڵامی ڕاستترین دەدەن لە ڕێگای سەرنج و تێبینییەکانیان سەبارەت بەناوەرۆکی بابەتەکە,لێرەدا ڕاو و بۆچونی خوێندکاران وەردەگیرێت و خوێندکاران پێکەوە هەوڵی تێگەیشتن و شیتەڵکردنەوە و ڕاڤەکردن و تاوتوێکردنی بیرۆکەو بابەتەکان بدەن و بگەن بە چارەسەری گرفتەکان و وەلامە ڕاستەکان.(زادە, ٢٠٢٢: ١٩٥).

## ٢-٢. ستراتیجیەتی کێشە بنێرە:

ستراتیجیەتی کێشە بنێرە یەکێکە لە ستراتیژییەکانی فێربوونی چالاک کە بەکاردەهێنرێت هاندانی گفتو گۆ و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ کێشە ناواخنییەکان کە دەکرێت ئەم کێشەیە لە لایەن مامۆستا یان گروپێك دروست بکرێت. ئەم ستراتیجیەتە لەلایەن (Kagon)ەوە لە ساڵی ١٩٨٩ دانرا, هەروەها (Millis,) ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە سەرچاوەی وردی ئەم ستراتیجیەتە ڕوون نییە، بەڵآم وێنەیەك (کۆپی) لەم پەیکەرە لە لایەن هەرێمی هاوارد، ماریلاند، وڵآتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەنتەری پەرەپێدانی توانای فەرمانبەران لە ساڵی ١٩٨٩ دامەزراوە، کە سەرچاوەکەی لە ناوەرۆکی کاغان وەرگیرابوو, (Millis, 2010) دەڵێت ئەم ستراتیجیەتە بە باشی گونجاوە، بە تایبەت لە بونیاتنانی تواناکانی گەیاندنی فێربوون هەروەها کاریگەریەکەی باشی دەبێت کاتێک لەسەر کێشەکان لە چوارچێوەی جۆراوجۆردا بەکاردەهێنرێت، هەروەها کاتێک خوێندکاران بە ڕوونی بیر لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان دەکەنەوە هەروەها بۆ جێبەجێکردنی ئەم ستراتیجیەتە مامۆستا لە ناو پۆلدا کێشەیەکی ڕاستەقینەیە باس دەکات هەموو ئەمانە پاڵنەرەکانی خوێندکاران بەرزدەکەنەوە لە ئامادەکردنی ئەو کێشانەی کە ناوەڕك و جێ بە جێکردنیان لە جیهانی ڕاستەقینەی خوێندکاردا دروست دەبێت, ئامانجی سەرەکی لەم ستراتیجیەتەدا هەوڵدەدات گەشە بە توانای خوێندکار بدات چونکە زۆر لە خوێندکاران نازانن قەبارەی تواناکانیان چەندەو چۆن بەکاری بهێنن هەربۆیە ئەم ستراتیجیەتە هەوڵدەدات تواناکانی خویندکار بەدیاربخات ئەم ستراتیجیەتە دەکرێت لە ناو وانەدا یان لە کۆتایی وانەیەکی دیاریکراو جێبەجێ بکرێت، کە لێرەدا پێویستمان بە زەرفنامەیەك هەیە بۆ دانانی وەڵامەکانی تێدا و لە گەڵ کارت بۆ نووسینی وەڵآمە ڕاستەکە. (الحوسینە,٢٠١٦: ١٩٨).

**گرنگی ستراتیجیەتی کێشە بنێرە :** لەسەردەمی نوێدا ستراتیجیەتی فێربوونی چالاك زۆرن کە دەتوانری بەکاربهێنرێ لەلایەن مامۆستاوە لە وانەکاندا بەپێی گونجاوی لەگەڵ ئەو بابەتەی کە دەخوێنرێ لەوانەش ستراتیجیەتی کێشە بنێرە ئەم ستراتیجیەتە بریتیە لە بەکارهێنان و بەشداریکردنی خوێندکاران بۆ هاندان و وروژاندنی خوێندکار بۆ گفتوگۆ لەگەڵ یەکتری و بۆ پیداچونەوەی بابەت و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندی بە ناوەرۆکی زانەکی بابەتەکەوە هەیە

گرنگی ئەم ستراتیجیەتە لە وەدایە کە پاڵ بەخوێندکارانەوە دەنێت بۆ بیرکردنەوە لە داهاتوو و بیرکردنەوە بە ووردەکاری و شیکارییەوە , هەروەها ئەم ستراتیجیەتی کێشە بنێرە بریتیە لە شێوازێکی کارا بۆ گەشە سەندنی هزری خوێندکاران بە ووردی و بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بەتایبەتی ئەو کێشانەی کە وەڵامێکی گونجاو و جێگیریان نیە گرنگی ئەم ستراتیژجیەتە ڕاستکردنەوەی ڕێرەوی پرۆسەی فێرکردنە و جەخت دەکاتەوە لەسەر سەربەخۆیی هزری و هەل دەبەخشێ بە خوێندکاران بۆ جەخت کردنەوەی خودی خۆیان هەروەها گرنگی ئەم ستراتیجیەتە کەشێکی زیندوو لە پۆلدا دروست دەکات و گیانی دیموکراسی لە نێوان خوێندکاران دروست دەکات.(فهروجی, ٢٠١٨٨: ١٩).

**هەنگاوە سەرەکییەکانی ستراتیژیەتی کێشە بنێرە کە پێویستە مامۆستا ئەنجامی بدات :**

١. هەر خوێندکارێک لە گروپەکەدا پرسیارەکە تایبەت بە ناوەڕۆکەوە لە کارتەکەدا دەنووسێت، پاشان ئەو پرسیارە لە هەر ئەندامێکی گروپەکە دەکات.

٢. ئەندامانی هەر گرووپێک ئەو پرسیارانە تاوتوێ دەکەن کە لە کارتی تایبەت بە خۆیان نووسیویانە و دوای ئەوەی لە سەر وەڵآمی پرسیارەکان کۆدەنگی دەکەن ئەوا لە پشتی کارتەکەوە وەڵامیان دەنوسنەوە.

٣.گروپەکە وشەیەك یان پیتێك بە نوسینێکی ڕوون و دیار لەسەر کارتەکە دەنوسێتکە دەلالەت لە سەر(پرسیار) بکات و لە پشتەوە (وەڵام)دەنوسن.

٤. هەر گروپێک کارتەکانی بۆ گروپێکی تر دەنێرێ.

٥.کاتێک کارتەکان بەسەر هەموو ئەندامانی گروپەکەدا دابەش دەکرێت یەکێکیان پرسیاری کارتەکە دەخوێنێتەوە و بەبێ سەیرکردنی وەڵامی گروپەکەی تر، دوای ڕازیبوون بە وەڵامەکە (پێکهاتن لە سەر وەڵآمێك) سەیری وەڵامی گروپی پێشوو لە پشت کارتەکەوە دەکەن، ئەگەر وەڵامەکەیان پەسەند بێت وەڵامی کارتەکە دەگوازنەوە بۆ دووەم کارت ,بەڵام ئەگەر ڕازی نەبن بە وەڵامی ئەو کارتە (پەسەند نەبوو بە لایانەوە) وەڵامێکی جێگرەوە لە کارتەکەدا دەنوسن

٦. ئەم ڕێگایە بەردەوامە و کارتەکان دەنێردرێن بۆ گروپی دووەم و سێیەم تا دەگەڕێنەوە بۆ گرووپی ڕەسەن (گرووپی یەکەم) بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە یان گۆڕانی بە سەردا هاتووە یا لە سەری ڕێککەوتوون ( Van Schalkwyk &D'Amato , 2015 : 90 )

## ٢-٣. بیرکردنەوەی زانستی :

بیرکردنەوەی زانستی بیرکردنەوەیەکی ڕێکخراوە تاك بەکاریدەهێنێت لە ڕێگەی هەموو ئەو زانیاری و ئەزموون و کارامەییانەی کە هەیەتی بۆ دیراسەکردنی بابەت و دیاردە و گرفتێك لە پێناو درککردن بە تایبەتمەندییەکانی ئەو بابەتەی کە لێی دەکۆڵێتەوە و شیکردنەوەی بۆ دەکات لە پێناو دۆزینەوەی ئەو پەیوەندیانەی کە لە سەری بونیادنراوە، ئەمەش لە پێناو چارەسەرکردنی دژە باو و نادیارەکان کە تێیدا بەدیکراوە, یاخود پێناسەکراوە بەوەی بریتییە لە بیرکردنەوەیەکی ژیرانە لە ڕێگەی دانانی گریمانە و ئەزمونکردن و پاشان هەڵێنجان

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

و گەیشتن بە ئاەنجام لە پێناو چارەسەری گرفت و کێشەیەك. (جهال, ١٩٩٧: ٥).

جۆرەکانی بیرکردنەوەی زانستی: بیرکردنەوەی بە گشتی دوو جۆرن

١. ( بیرکردنەوەی ئاستە بەرزەکان یان بیرکردنەوەی زانستی Scientific Thinking ).

٢. بیرکردنەوەی ئاستە نزمەکان بیرکردنەوەی بنەڕەتی (Basic Thinking بیرکردنەوەی زانستی ئەم توانستانە لە خۆ دەگرێت:

١. دیاریکردنی کێشە: سروشتی کێشەی خوێندار و توخمەکان و سنور و بوار و قەبارەکەی بە ڕستەیەکی ڕاپۆرتی کورت دەردەبڕدرێت، یاخود لە شێوەی پرسیار کە پێویستی بە چارەسەرە.

٢. دانانی گریمانە: کارامەیی دانانی گریمانە، ئەو کارامەیەیە کە لە پێناو خستنە رووی چارەسەرێکی پراکتیکی بۆ کێشەیەك یان هەڵبژاردنی کاریگەرییەکەی و شیکردنەوەی ئەنجامەکانی بە کاردێت.

٣. هەڵبژاردنی گریمانە: ئەم قۆناغە بە یەکلاکەرەوە دادەنرێت بۆ گەیشتن بە چارەسەری کێشەکە یان گەیشتن بە وەلآمی پرسیارەکان، بۆ ئەم مەبەستە خوێندکاران هەڵدەستن بە هەڵبژاردنی هەر گریمانەیەك بە جیا و دورخستنەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کاریگەریان تێ دەکەن، لەم ڕوانگەیەوە دەگات بە قبوڵکردنی یەکێك لە گریمانەکان بۆ چارەسەری کێشەکە، لێرەدا گریمانەکە بە دەستکەوت و دۆزینەوەیەکی نوێ بۆ بنەمای زانیاری زانستی دادەنرێت کە خوێندکار خۆی خاوەنیەتی.

٤. بیرکردنەوەی شرۆڤەکردن: توانای خوێندکارە بۆ دیاریکردنی هۆکارەکان (یاخود خستنە رووی هۆکارەکان) بۆ ئەو دەرەنجامەی کە لە ڕێگەی تاقیکردنەوە و تێبینی کردن بە دەستی هێناوە، هەروەها بیرکردنەوەی زانستی بە گەیشتن بە دەرەنجامێك کۆتایی نایەت هەرچەندە توانا و باوەڕی زۆریشی بە بابەتەکە هەبێت.

٥. کارامەیی گشتاندن: گشتاندن بریتییە لە قۆناغی جێ بەجێکردنی شرۆڤەیەکی تایبەت بۆ دیاردەکان یان هەڵوێستە لە یەکچووە تازەکان. (غانم، ٢٠٠٧: ١٣٩).

ئەو تیۆریانەی کە پێکهاتنی بیرکردنەوەی زانستی ڕوون دەکەنەوە:

ا – تیۆری مەعریفی بیاجیە (١٨٩٦ – ١٩٨٠): ئەم قوتابخانەیە گرنگی بە پرۆسە ئەقڵییەکان دەدات وەك ئاگایی بۆ دەوروبەر و درك کردن و بیرهاتنەوە و بیرکردنەوە و چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ زانیارییەکان. بیاجیە پێی وایە ئەگەر مرۆڤ توانی درکی بە چالاکیەکانی مێشکی خۆی بکات ئەوە دەتوانی بیرکردنەوە لەبیر بکات واتە توانای بیرکردنەوەی بباتە ئاستێکی بەرزتر, وە توانای بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەی دەبێت(عزیز,٢٠١٤: ٣٧).

ب – تیۆری مەعریفی برونر(١٩١٥): برونر بەیەکێك لە دەرونزانەکانی مەعریفی دادەنرێت و گرنگی زۆری بە ژینگەو ڕۆڵی لە پرۆسەی فێربووندا داوەو بەبڕوای ئەو ژینگەو شارەزایی و وروژێنەرەکانی جیهانی دەرەوە بەرپرسیارن لەگەشەکردنی مەعریفی تاك و دروستکردنی بونیادی ئەقڵی لە مێشك دەربارەی دیاردەو ڕووداوەکانی جیهانی دەرەوە. برۆنر لە تیۆرەکەیدا جەخت دەخاتەسەر مامۆستاو گرنگیەکی زۆری پێدەداو بەردەوام داوای لێدەکات کە لەناو پۆلدا هەوڵی دابینکردنی کەش و هەوای گونجاو بدات بۆئەوەی خوێندکار سوودیان لێوەرگرێت و لەلایەنی مەعریفی و ئەقڵییەوە گەشەبکات (القصاه والترتوری,٢٠٠٦: ١٤٣)

## ٢-٤. گرنگی ئاراستەکان

ئاراستەکان بە یەکێك لە گرنگترین بابەتەکان دادەنرێت کە بەهایەکی زۆری لە لایەن زانایانی دەرونزانی و کۆمەڵایەتی پێ دەدرێت. ئەم زانایانە کۆمەڵێ ڕێچکەی ڕاست و ڕەوانیان گرتۆتە بەر بۆ پێوانە و هەڵێنجانی ئاراستەکان. پێوەری ئاراستە دەرونییە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرە بۆ پێشبینی بە ڕەفتار، هەروەها یارمەتیدەرە لە زانینی ئەو هۆکارانەی کە کاریگەریان هەیە بە سەر دەرکەوتنی ئاراستە و پێکهاتە و جێگیربوونی پێشکەوتنی دەربڕینە لەسەرخۆ و هێواشەکان یاخود خێرا و لە ناکاوەکان. (الصهادي,٢٠٠٥: ٢٤٣).

لێکۆڵینەوە لە ئاراستەکان لە زۆرێک لە توێژینەوە دەروونییەکان و لە زۆرێک لە بوارە کارپێکراوەکان و بوارە جۆراوجۆرەکانی تری ژیاندا جێگەیەکی بەرچاوی داگیرکردووە، چونکە کرۆکی کارکردن لەم بوارانەدا پشتگیریکردنی ئاراستە ئاسانکارەکانە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی کارکردن تێیدا، و لاوازکردنی ئاراستە بەربەستەکان، بەڵام چارەسەری دەروونی بە یەکێک لە ماناکانی هەوڵێکە بۆ گۆڕینی هەڵوێستی تاک بەرامبەر بە خۆی، ئەوانی دیکە، یان جیهانی تایبەت بە خۆی, کەڵەکەبوونی ئاراستەکان لە مێشکی مرۆڤدا و زیادبوونی وابەستەیی پێیان، ئازادی کرداری ئەو سنووردار دەکات و دەبێتە شێوازی ڕەفتاری ڕۆتینی و دووبارە و پێشبینیکراو، لە لایەکی دیکەوە ڕێکوپێکی لە ڕەفتار و سەقامگیری لە شێوازەکانی ڕەفتاردا دەکاتە ئەگەری هاتنە دي و ئاسانکاری بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی,لێرەوە لێکۆڵینەوە لە ئاراستەکان لە مێشکی مرۆڤدا توخمێکی سەرەکییە لە ڕوونکردنەوەی ڕەفتاری ئێستا و پێشبینیکردنی ڕەفتاری داهاتووی تاک و گروپەکەش بە هەمان شێوە هەڵوێستەکان ئەو هۆکارانە دەنوێنن کە کاریگەرییان لەسەر هەست و ئامادەکارییە سۆزدارییەکانی تاک هەیە، بەو پێیەی کە ڕەفتارەکانی بە شێوەیەکی دیاریکراو لەو ژینگەیەدا ئاراستە دەکات کە تێیدا دەژی. (سلطان,٢٠٠٣: ٩١).

گرنگترین ئەرکەکانی ئاراستە دەروونییەکان :-

- هەڵوێستەکان وەڵامی تاک دەگرێتەوە لە بەرامبەر شتەکان و بابەتەکان کەسەکان.
- هەڵوێستەکان گوزارشت لە پابەندبوونی تاک بە داب و نەریت و بەها و کولتوری کۆمەڵگاکەی دەکەن.
- هەڵوێستەکان وادەکەن تاک لەگەڵ کۆمەڵگاکەیدا کارلێک بکات و لەگەڵ ئەو گروپانەدا کە سەر ئەوانن.
- هەڵوێستەکان وێنەیەک لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ کۆمەڵگای دەوروبەری بە تاک دەبەخشن.
- هەڵوێستەکان دەبنە هۆی ڕێکخستنی پاڵنەرەکانی تاک لە دەوری هەندێک لایەنی بوارەکەیدا.
- هەڵوێستەکان ئاسانکاری بۆ تاک دەکات بۆ بڕیاردان لە بارودۆخە جیاوازەکاندا کە ڕووبەڕووی دەبێتەوە بە شێوەیەکی بەردەوام بەبێ دوودڵی.

ئەو تیۆریانەی کە پێکهاتنی ئاراستەکان ڕوون دەکەنەوە:

بەو پێیەی هەڵوێستەکان نوێنەرایەتی بەرهەمێکی ئاڵۆزی چەمک و زانیاری و سۆز و هەستەکان دەکەن، کە لە تاکدا مەیل و ئامادەییەکی دیاریکراو بۆ وەڵامدانەوەی بابەتێکی دیاریکراو دروست دەکەن، لێکدانەوەی دروستبوونی ئاراستەکان لەسەر بنەمای کۆمەڵێک تیۆری دامەزراوە، ئێمەش هەندێکیان بەم شێوەیە دەخاتە ڕوو:

أ- تیۆری ڕەفتار: ئەم تیۆرە لەسەر بنەمای گریمانەیەکی بنەڕەتی دامەزراوە کە مرۆڤەکان خودی خۆیان فێری ئاراستەکان دەبن شێوازی فێربوونی خووەکان، کاتێك مرۆڤ زانیاری و ڕاستییەکانی بەدەستهێنا ، فێری ئەو هەست و بەهایانە دەبن کە پەیوەندییان بەم زانیاری و ڕاستیەکانەوە هەیە. لەم ڕوانگەیەوە بە یارمەتی سێ هۆکار ئاراستەکان دروست دەبن و پەرەیان پێدەدرێتکە بریتین لە:

گرێدان (بەستنەوە)، بەهێزکردن، لاسایی سکینەر ئاماژەی بەوەدا کە ئاراستەکان لە ئەنجامی پرۆسەیەکدا دروست دەبن فێربوونی بەهێزکردن لە ڕێگەی کارلێکی تاک لەگەڵ کەسانی دیکەدا، لە کاتێکدا هەردوو "دۆلارد" و "میلەر" هاندەر و وەڵامەکەیان بەم شێوەیە لێکدەداتەوە: "گشتیکردنی وەڵامدانەوە لە بابەتێکی هاندەری تایبەتەوە بۆ بابەتێکی هاوشێوە." بەڵام "ماوریر" ئاماژە بەوە دەکات کە هەڵوێستەکان تەنها پەیوەندین لە نێوان هاندەر و وەڵامدانەوە، کە لە ڕێگەی فێربوونەوە دروست دەبن. (زیاد برکات,٢٠٠٦: ٣٧).

ب - تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی: زانایانی فێربوونی کۆمەڵایەتی وەک "باندورا و والتەرز" سەرنجیان خستۆتە سەر گرنگی چەمکێک کە نکۆڵی دەکات لە پرۆسەی پێکهێنان و دەستکاریکردنی هەڵوێستەکان کە بریتین لە: بەهێزکردن، لاسایی کردنەوە یان تەقلیدکردن، کە باندورا و والتەرز ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئاراستەکە، جا (ئەرێنی بێت یان نەرێنی) دەتوانێت وەک جۆرەکانی تری ڕەفتار بێت لە ڕێگەی ڕەفتاری مۆدێلەکانەوە بەپشت بەستن بە جۆرەکانی بەهێزکردن کە پێشکەش دەکرێت، و باوکەکان ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕن لە دارشتنی ڕەفتاری منداڵەکانیان، و بەم پێیەش دایک و باوک دەتوانن مۆدێلێکی باش یان خراپ بن بۆ منداڵەکانیان، بە تایبەت لە ساڵانی سەرەتای ژیانی منداڵدا جگە لە هاوتەمەنەکانی و ژینگەی دەوروبەر و میدیاکان، بۆیە "عەبدوڵڵا" پێی وایە کە دەکرێت جەوهەری ئەم تیۆرییە بۆ سەرهەڵدان، گەشەکردن، دەستکاریکردن یان گۆڕانکارییەکانی ڕەوتی دەروونی کە لەنێو گەورەکاندا هەیە، بەتایبەتی دایک و باوک و مامۆستایان.(عبدالله ١٩٨٩: ١٢٤).

### ٣. ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە:

**٣-١. ڕێبازی توێژینەوەکە:** ڕێبازی ئەزموونی لە توێژینەوەکەیدا بەکار هێنراوە، ئەمەش بە هۆی گونجانی لە گەڵ ئامانجەکانی توێژینەوەکە.دارشتنی ئەزموونی:
مەبەست لە دارشتنی ئەزموونی بریتیە لە بەرنامەی کار بۆ چۆنیەتی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، چونکە دروستی و کۆنترۆلکردنی ڕێکارەکانی ئەزموونەکە مسۆگەر دەکات.(کشرود، ٢٠٠٧: ٢٧١) دیزاینی توێژینەوەکە لە سێ گروپی هاوتا پێك دێت کە (دوو گروپی ئەزموونی و گروپێکی کۆنترۆلکراو) گروپی ئەزموونی یەکەم گۆراوی سەربەخۆی لە سەر جێبەجێ دەکرێت بە ڕێگای وتوویژی سوکراتی وانەیان پێدەوترێتەوە بەڵام گروپی ئەزموونی دووەم گۆراوی سەربەخۆی لە سەر جێبەجێ دەکرێت کە بە ڕێگای کێشە بنێرە وانەیان پێدەوترێتەوە لە کاتێکدا گروپی سێیەم کۆنترۆلکراو بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێدەوترێتەوە.

خشتەی (١)
دیزاینی ئەزمونی توێژینەوەکە

| گروپەکان | پێوانەکردنی پێشینە | گۆراوی سەربەخۆ | پێوانەکردنی پاشینە |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی یەکەم ١٥ | بیرکردنەوەی زانستی | ڕێگای وانەوتنەوەی ووتوێژی سوکراتی | بیرکردنەوەی زانستی |
| | ئاراستە | | ئاراستە |
| | | | |
| ئەزموونی دووەم ١٥ | بیرکردنەوەی زانستی | ڕێگای وانەوتنەوەی کێشە بنێرە | بیرکردنەوەی زانستی |
| | ئاراستە | | ئاراستە |
| | | | |
| کۆنترۆلکراو ١٥ | بیرکردنەوەی زانستی | ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی باو | بیرکردنەوەی زانستی |
| | ئاراستە | | ئاراستە |
| | | | |

**کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** لە توێژینەوە پەروەردەییەکاندا دیاریکردنی کۆمەڵگای توێژینەوە کارێکی گرنگە، چونکە هەنگاوی یەکەمە لە هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەدا.کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەموو خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی زانکۆی کۆیە، کە پێك دێت لە (١٦٥٠) خوێندکاری کوڕ و کچی زانکۆی کۆیە کە لە (٦) فاکەلتی لە چوارچێوەی (٢٨) بەشی جیاواز بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢).

**نمونەی توێژینەوەکە:** .نمونەی توێژینەوەکە بەشێکە لەو کۆمەڵگایەی کە لێکۆڵینەوەی لە سەر ئەنجام دەدرێت، بۆ ئەم مەبەستە توێژەر خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی جوگرافیای لە فاکەلتی پەروەردە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١- ٢٠٢٢)ی بە شێوەیەکی مەبەستدار هەڵبژارد لە بەر ئەم هۆکارنەی خوارەوە:

١. کاتی وانەکە گونجاو بوو لە گەڵ ئەو ڕێگایانەی کە توێژەر وانەی پێدەگوتەوە کە دەکاتە (٦٠) خولەك.

٢. گونجانی بینای بەشی جوگرافیا و هەبوونی هۆڵی خوێندن کە بە شێوازی تایبەت و مێزی تایبەت بۆ دانیشتنی خوێندکاران ئامادەکراوە، کە لە بنچینەدا بۆ تاقیگەی سیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان (GIS) ئامادەکراوە، کە بۆ جێ بە جێکردنی شێوازی وانە وتنەوەکە و لایەنی پراکتیکی توێژینەوەکە زۆر گونجاو بوو لە ڕووی هۆکار و ئامرا ز دابینکردنی شوێنی گونجاوی هۆڵەکە.

٣. ئامادەیی سەرۆك بەش و مامۆستاکانی بەشەکە بۆ هاوکاری و هەماهەنگی لە گەڵ توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە.

نمونەی توێژینەوەکە لە خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی جوگرافیا بوو ، کە پێکهاتبوون لە (٤٥) خوێندکار, توێژەر سێ کۆمەڵەی هەڵبژارد و دیاریکرد کە بریتی بوون لە ( کۆمەڵەی گروپی ئەزموونی یەکەم کە بە ڕێگای وانەوتنەوەی سوکراتی بوو، هەروەها گروپی ئەزموونی دووەم کەبە ڕێگای وانەوتنەوەی کێشە

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

بنێرە بوو و گروپی کۆنترۆڵکراوی سێیەم کە بە ڕێگای ئاسایی بوو، کە هەر کۆمەڵەیەك لە (١٥) خوێندکار پێکهاتبوون وەك لە خشتەی ژمارە (٢) ئاماژەی پێکراوە.

خشتەی (٢)

گروپ و ژمارەی خوێندکارانی بەشداری توێژینەوەکە

| گروپ | ژمارەی کۆتایی خوێندکاران | کور | کچ |
|---|---|---|---|
| ئەزموونی یەکەم A | ١٥ | ١٠ | ٥ |
| ئەزموونی دووەم B | ١٥ | ١٠ | ٥ |
| کۆنترۆڵکراو C | ١٥ | ١٠ | ٥ |

**ئەنجامدانی هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە:** بە مەبەستی تێبینیکردن و ووردبونەوە لە هاوتای نێوان تاکەکانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە بەر لە جێ بەجێکردنی ئەزموونەکەو سەرەڕای ئەوەی کە دابەشکردنی خوێندکارانی نمونەی توێژینەوەکە لە سەر هەرسێ گروپەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو) جۆرێك لە هاوسەنگی نێوانیان بە دەستەوە دەدات. بەڵام توێژەر ویستی هاوتاکردن لە نێوانیان بکات لە هەندێك لە گۆڕاوەکان کە لەوانەیە کارتێکردنیان هەبێت بە سەر گۆڕاوە پشت بەستەکان و لە ئەنجامدا کار دەکەنە سەر ووردی ئەنجامەکان، کە گۆڕاوەکانیش ئەمانەن:

١. تەمەنی خوێندکاران بە ساڵ.
٢. ئاستی بڕوانامەی ئەکادیمی باوان (دایك وباوك) خوێندکارەکان.
٣. کۆنمری گشتی خوێندکاران لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی.
٤. ئاستی زیرەکی خوێندکاران.

- توێژەر زانیاری پێویستی لە سەرۆکایەتی بەشی جوگرافیا وەرگرت، سەرەڕای کۆکردنەوەی هەندێکی تر لە زانیاری لە ڕێگای خودی خوێندکارەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی هاوتاکردن لە نێوان هەرسێ گروپەکە (ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو).

### ١. تەمەنی خوێندکاران بە ساڵ. The Age

توێژەر زانیاری دەربارەی تەمەنی خوێندکاران لە دۆسیەی خوێندکاران لە بەڕێوەبەرایەتی تۆمارگای گشتی زانکۆی کۆیە وەرگرت، توانرا زانیاری سەبارەت بە ڕێکەوتی لە دایکبوونی خوێندکاران بە دەست بهێنرێت.

پاشان تەمەنی خوێندکاران بە ساڵ دەرهێنرا و بۆ ئەژمارکردنیان بۆ خوێندکارانی هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە، لە دواتریشدا هەستا بە دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی تەمەنی خوێندکاران بۆ هەرسێ گروپەکە دەرهێنرا بۆ زانینی جیاوازی نێوان ناوەندی ژمێرەیی خوێندکاران , توێژەر بەهای کای دووجای بۆ سێ گروپی بەکارهێنا بەپێی بەرنامەی (spss), دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نیە لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) و نمرەی ئازادی (4), ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە هەرسێ گروپەکە هاوتان لەم گۆراوەدا هەر وەك لە خشتەی ژمارە (٣ ) هاتووە.

خشتەی( ٣ )

هاوتاکردنی گرووپەکان بە گوێرەی تەمەن

| گرووپەکان | ژ. سامپڵ | ١٨-١٩ ساڵ | ٢٠-٢١ ساڵ | ٢٢ ساڵ و زیاتر | نمرەی ئازادی | بەها کای دووجا | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 15 | 3 | 10 | 2 | 4 | 0.000 | 1.000 |
| B | 15 | 3 | 10 | 2 | | | |
| C | 15 | 3 | 10 | 2 | | | |

### ٢. ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکان.

مەبەست لە ئاستی خوێندەواری بروانامەی دایکان و باوکانی خوێندکار ئەوەیە کە توێژەر بۆی ڕوون بێتەوە دایك و باوکی خوێندکارانی هەرسێ گروپەکە لە چ ئاستێکدان, توێژەر هەستا بەدانای ئاستی ئەکادیمی لەچەند ئاستێکی پلە پلەکراو پاشان هەستا بە ڕێکخستنی ئاستەکان و توێژەر بۆسێ ئاست دیاریکردووە کە بریتین لە (نەخوێندەوار- دەخوێنێت و دەنوسێت- سەرەتایی) ئینجا هەستا بەدانانی بەهای هەر یەکێکیان بەپێی پلەکانی خوێندن وەك لە خشتەی ژمارە (٤) هاتووە.

خشتەی (٤ )

دابەشکردنی پێدانی پلە بەئاستی خوێندنی دایکان و باوکان

| ژ | ئاستی خوێندەواری | بەهاکان |
|---|---|---|
| ١ | نەخوێندەوار | ١ |
| ٢ | دەخوێنێت و دەنوسێت | ٢ |
| ٣ | سەرەتایی بەرەو سەر | ٣ |

**الف. ئاستی ئەكادیمی دایكانی خوێندكارەكان:**

توێژەر ئاستی خوێندەواری دایكانی خوێندكارانی لە ڕێگای فۆرمێكەوە بە دەستهێنا كە بە سەر خوێندكارەكاندا دابەشكرابوو بۆ دەستكەوتنی زانیاری لە ئاستەكانی دەستكەوتی ئەكادیمی دایكان بە پێی ئەو بڕوانامە زانستیەی كە هەیانبوو كە دابەش ببون بە سەر سێ ئاست كە بریتین لە (نەخوێندەوار- دەخوێنێت و دەنوسێت- سەرەتایی)،كە توێژەر ئامرازی ئاماری (كای دووجای ) ی بەكارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەكان دەریانخست كە بەهای كای دووجا ئەژماركراو دەكاتە (٠,٨٩٢) ژمارەی ئازادی (٤) لە ژێر ئاستی (٠,٠٥).ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەهیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناكرێت لەنێوان هەرسێ كۆمەڵەی توێژینەوەكە لە ئاستی ئەكادیمی دایكان،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەرسێ كۆمەڵەكە هاوتان لەم گۆڕاوەدا،وەك لە خشتەی ژمارە ( ٥ ) دیارە.

خشتەی ( ٥ )

ئاستی ئەكادیمی دایكانی هەر سێ كۆمەڵەكە

| گرووپەكان | ژ. سامپڵ | نەخوێندەوار | دەخوێنێت و دەنووسێت | سەرەتایی | نمرەی ئازادی | بەها كای دووجا | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 15 | 7 | 5 | 3 | 4 | 0.892 | 0.926 |
| B | 15 | 7 | 6 | 2 | | | |
| C | 15 | 4 | 5 | 6 | | | |

**ب. ئاستی ئەكادیمی باوكانی خوێندكارەكان:**

توێژەر فۆرمێكی بەسەر خوێندكارەكاندا دابەش كرد، كە ئاستەكانی دەستكەوتی خوێندنی باوكان دابەشكرا بە پێی جۆری ئاستی ئەكادیمی زانستی بۆسێ ئاست كە بريتي بوون لە(نەخوێندەوار- دەخوێنێت و دەنوسێت- سەرەتایی)، كە توێژەر ئامرازی ئاماری ( كای دووجای ) ی بەكارهێناوە بۆ دەرهێنانی ئەنجامەكاندەریخست كە بەهای كای دووجا ئەژماركراو دەكاتە (0.300) ژمارەی ئازادی (4) لە ژێر ئاستی (0.05).ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەهیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناكرێت لەنێوان هەرسێ كۆمەڵەی توێژینەوەكە لە ئاستی ئەكادیمی دایكان،ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەرسێ كۆمەڵەكە هاوتان لەم گۆڕاوەدا،وەك لە خشتەی ژمارە ( ٦ ) دیارە.

خشتەی (٦)

ئاستی ئەكادیمی باوكانی هەر سێ كۆمەڵەكە

| گرووپەكان | ژ. سامپڵ | نەخوێندەوار | دەخوێنێت و دەنووسێت | سەرەتایی | نمرەی ئازادی | بەها كای دووجا | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| A | 15 | 7 | 5 | 3 | 4 | 0.300 | 0.990 |
| B | 15 | 7 | 6 | 2 | | | |
| C | 15 | 4 | 5 | 6 | | | |

**١. تێكرای گشتی نمرەی خوێندكاران لە پۆلی (١٢) دوازدەی ئامادەیی.**

توێژەر لە هێنانەدی ئەم هاوتاكردنە پشتی بە نمرەكانی خوێندكاران لە تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵی پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢)بەستووە بۆ هەر سێ گروپەكە (ئەزموونی یەكەم دووەم و كۆنترۆلكراو)، كە ئەم داتایانەش لە سەرۆكایەتی بەشی جوگرافیا وەرگیرا كە نمرەی خوێندكارانی قۆناغی یەكەم بوو كە لە پۆلی دوازدەی ئامادەیی بە دەستیان هێنابوو, یەكێك لەو فاكتەرانەی كە توێژەر ویستی خوێندكارانی تێدا هاوتا بكات، نمرەی ساڵی رابردوود بوو، پاش ڕێكخستنی گرووپەكان، بۆ دڵنیابوون لە لە هاوتابوونی هەر سێ گرووپەكەو نەبوونی جیاوازیی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان دەرەجەی ساڵی رابردووی خوێندكاران، توێژەر پشتی بەستووە بەنمرەكانی خوێندكاران لە تاقیكردنەوەكانی كۆتایی ساڵی پۆلی دوازدەی ئامادەیی لە ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) توێژەر ناوەندی ژمێرەیی دەرهێنا كە دەكاتە (4.111) و (8.955) بە بەكارهێنانی ئەنۆڤا (One way Anova) بەپێی بەرنامەی (spss) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) وەنمرەی ئازادی (45) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كەهیچ جیاوازییەكی بەڵگەداری ئاماری بەدی ناكرێت لەنێوان هەرسێ كۆمەڵەی توێژینەوەكە لە نمرەی ساڵی رابردوو ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت كە هەرسێ كۆمەڵەكە هاوتان لەم گۆڕاوەدا.

خشتەی ( ٧ )

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ نمرەی پۆلی ١٢

| گرووپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| A | 15 | 66.67 | 3.109 |
| B | 15 | 67.60 | 2.384 |
| C | 15 | 67.87 | 3.378 |
| كۆی گشتی | 45 | 67.38 | 2.964 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

خشتەی ( ٨ )

ئەنجامی هاوتایی نمرەی خوێندکاران بە گوێرەی دەرجەی ساڵی رابردوو

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دووجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| نمرەی ساڵی رابردوو | نێوان گرووپەکان | 8.221 | 2 | 4.111 | 0.459 | 0.635 |
| | نێوخۆی گرووپەکان | 385.083 | 43 | 8.955 | | |
| | گشتی | 393.304 | 45 | | | |

**١.   ئاستی زیرەکی خوێندکاران**

توێژەر تاقیکردنەوەی (ڕاڤن- Raven)ی بۆ پێوانەی زیرەکی جێبەجێکرد لە سەر خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی جوگرافیا. پشتی بە تاقیکردنەوە (ڕاڤن- Raven) بەستووە بۆ دیاریکردنی ئاستی زیرەکی کە بۆ ژینگەی عێراق گونجاوە، کە لە (٦٠) بڕگە پێکهاتووە، کە ئەو تاقیکردنەوەیە لە سەر گروپی گەورە و لە سەر هەموو ئاستێکی تەمەن جێ بە جێکراوە لە تەمەنی (٦-٦٠) ساڵی، کە ئەو پێوەرە لە وێنەیەك یان شێوەیەك پێکدێت کە بەشێکی لێ براوە، داوا دەکرێت ئەو بەشە بدۆزرێتەوە لە نێوان (٦ بۆ ٨) ئەو شێوە هەڵبژاردەیەی کە دانراوە، خوێندکار بۆ هەڵبژاردنی هەر وەڵامێکی ڕاست (١) نمرە وەردەگرێت و بۆ هەر وەڵامێکی هەڵەش (سفر) وەردەگرێت، ئەم تاقیکردنەوەیە پێکهاتبوو لە (٦٠)پرسیار توێژەر تاقیکردنەوەی راڤنی بەکارهێنا لەسەر خوێندکارانی هەر سێ کۆمەڵەکە جێ بەجێیکرد بۆ ماوەی (٦٠)خولەك. بە سەر گروپەکان بە بەکارهێنانی کلیلی راستکردنەوە و پاشان وەڵامەکان ڕاستکرانەوە لە لایەن توێژەر (هەڵەچنینی بۆ کراوە) کە دەرکەوت نمرەکان لە نێوان (١٥-٤٢) نمرە بوو,دەرکەوت کە ناوەندی ژمێرەیی بەپێی پێوەرەکەی ڕاڤن بۆ گروپەکان بریتیبوو لە (1.800) و سوودمان لە تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا وەرگرت بۆ ئەوەی بزانین ئایا جیاوازییەکی بەڵگەدار لە نێوان گرووپەکاندا هەیە یان نا, بۆ زانینی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەر سێ کۆمەڵە بۆ سێ گروپ دەرکەوت کە بەهای (F) بریتیبوو لە (0.062) بەنمرەی ئازادی (2) لەئاستی بەڵگەداری ئاماری (0.05) ئەمەش مانای ئەوە دەدات کە دڵنیابووینەوە کە هیچ جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان سێ گرووپەکەدا نیە، بۆیە بەو ئەنجامە دەگەین کە گرووپەکانمان بە گوێرەی تاقیکردنەوەی راڤن هاوتان.

خشتەی (٩)

ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن

| گرووپ | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|
| A | 15 | 23.27 | 4.667 |
| B | 15 | 23.27 | 5.738 |
| C | 15 | 22.73 | 5.885 |
| کۆی گشتی | 45 | 23.09 | 5.338 |

**خشتەی (١٠)**

**تاقیکردنەوەی ئەنۆڤا بۆ گرووپەکان بە گوێرەی تاقیکردنەوەی راڤن**

| گۆڕاو | سەرچاوەی جیاوازیی | کۆی دووجاکان | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەیی دووجاکان | بەها (ف) F-test | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| Ravn | نێوان گرووپەکان | 3.601 | 2 | 1.800 | 0.062 | 0.940 |

توێژەر هەوڵی داوە ئەو فاکتەرانە کۆنترۆڵ بکات کە کار لە ڕاستی و دروستی دەرەکی توێژینەوەکە دەکەن بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ. کارلێکی کاریگەری گۆراوی سەربەخۆ لە گەڵ لایەنگیری تاقیکردنەوەکە، توانرا کۆنترۆڵی ئەم هۆکارە بکرێت ,سەرەڕای هاوتاکردنی خوێندکاران لە کۆمەڵێك گۆڕاو لە نێوان هەر سێ کۆمەڵەکەدا.

ب.کاریگەری کردارەکانی توێژینەوەکە ( Experimental Procedures (Research Confidentiality).

بە مەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم گۆڕاوە توێژەر لە گەڵ سەرۆك بەشی جوگرافیا و مامۆستای بابەت ڕێکەوتن کە خوێندکاران ئاگادارنەکەنەوە کە ئەم کارە ئەزموونیە و بۆ مەبەستی توێژینەوەی زانستییە، بۆیە توێژەرهەر لەیەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی ئەزمونی تاکو کۆتا ڕۆژی ئەزمونی توێژینەوەکە خۆی ئەنجامیدا بۆ ئەوەی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی سروشتی بڕوات و بگات بە ئەنجامێکی ورد.

- **باڵەخانەی بینای بەشی جوگرافیا (Building school).**

توێژینەوەکە لە هۆڵی تاقیگەی تایبەت بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) لە بەشی جوگرافیا ئەنجامدرا چونکە هۆڵەکە زۆر گونجاوو بوو لە ڕووی دابینکردنی پێویستیەکان و شوێنەکە، کە هەرسێ کۆمەڵی توێژینەوەکە، توێژینەوەکەیان لە سەر ئەنجامدرا، هۆڵەکەیان تایبەت بوو بە سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان (GIS) و هەروەها یەکسان بوو و لە یەکچوو بوو لە ڕووی درێژی و پانی و ساردی و گەرمی و ڕۆناکی و ژمارەی دەرگا و پەنجەرە.

- **بابەتی زانستی (Subject Matter).**

ئەو بابەتانەی کە دانراون بۆ توێژینەوەکە هەمان ئەو بابەتانەیە کە هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە دەیخوێنن. واتە بابەتەکانی خوێندن بۆ هەر سێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە وەك یەك بوون واتە هەمان بابەت، کە ئەویش پێك هاتبوو لە (١٨) بابەت، کە لە کۆرس بووك جێگیر کرا، دوای ئەوەی لە لایەن کۆمەڵێك لە شارەزایان بڕیاری لێ درا کە بخوێندرێت بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢).

- **پرۆسەی وانە وتنەوە (Teaching Process).**

بەمەبەستی کۆنترۆڵکردنی ئەم پرۆسەی وانەوتنەوەیە توێژەر خۆی وانەی بە هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە وتەوە، واتە توێژەر هەستا بە وتنەوەی هەرسێ کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم و ئەزموونی دووەم و کۆنترۆڵکراو، کە هەریەکەیان بە ڕێگای جیاواز کە کۆمەڵەی یەکەم وانەوتنەوە بە ڕێگای سوکراتی بوو، کۆمەڵەی دەووەم وانەوتنەوە بە ڕێگای کێشە بنێرە بوو کۆمەڵەی سێیەم وانەوتنەوە بە ڕێگای ئاسایی بوو.

- **دابەشکردنی بەشە وانەکان (Lessons Distribution).**

توانرا دەست بە سەر ئەم هۆکارە دابگیرێت لە کاتی دابەشکردنی بە یەکسانی بەشە وانەکان لە نێوان هەرسێ کۆمەڵەدا، توێژەر ڕێکەوت لە گەڵ سەرۆکی بەشی جوگرافیا لە سەر میکانیزمی ڕێکخستن و دابەشکردنی بەشە وانەکان لە هەفتەیەکدا کە تایبەت بووە بە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بۆ هەرسێ کۆمەڵەی توێژینەوەکە. بەشەوانەکان دابەشببون بەسەر (٣) ڕۆژدا لە هەفتەیەکدا کە بریتیبوون لە ڕۆژانی (یەك شەمە – دووشەمە – سێ شەمە) بۆ هەر سێ کۆمەڵەدا بۆ هەر ڕۆژێك (٣) وانە دەخوێندرا بۆهەر وانەیەك پێکهاتبوو لە (٦٠) خولەك.

- **ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکە ( Experimental Period).**

ماوەی ئەزموونی توێژینەوەکە بە شێوەیەکی یەکسان بووە بۆ هەرسێ کۆمەڵی توێژینەوەکە، بۆیە توێژینەوەکە لە ڕێکەوتی ( ٢٩/ ١١ / ٢٠٢١) دەستی پێکرد و ئەزموونەکە پێکهات لە (٦) هەفتە ڕۆژانی یەك شەم (٣)وانە بۆ هەر گروپێك و دووشەم و سێشەم بەهەمان شێوە وانەی گفتووگۆی ئەکادیمی دەخوێندرا بۆ هەر وانەیەك (٦٠) خولەك بوو واتە هەر سێ گروپەکە وانەیان دەخوێند لە کات و سعاتی خۆیان بۆ هەر گروپێك، ئەزموونەکە بەردەوامیدا تا لە ڕێکەوتی ( ٢٠ / ١ / ٢٠٢٢) کۆتایی هات.

- **کاری تاقیکردنەوەی پێشەکی.**

توێژەر ئەم گۆراوەی کۆنترۆڵکرد بە جێ بە جێکردنی پێوەری بیرکردنەوەی زانستی و ئاراستەی خوێندکاران سەبارەت بە وانەی گفتوگۆی ئەکادیمی و ڕێزگرتن لە بەرامبەر بە جۆرێك جێ بە جێکرا لە سەر هەرسێ گروپی توێژینەوەکە، لە سەرەتای دەستپێکردنی توێژینەوەکەدا دووبارەکردنەوەی هەمان پێوەر لە سەر هەمان کۆمەڵە لە کۆتایی ماوەی توێژینەوەکە.

- **پێداویستیەکانی ئەزموونەکە (Research Requirements).**

**١. دیاریکردنی بابەتی خوێندن:-**

توێژەر پشتی بەست بە بابەتەکانی کۆرس بووکی مامۆستای بابەت و دواتر ڕێکخستنەوەی بۆ بابەتەکان کرد کە لە کۆمەڵێك بابەتی گشتی پێکهاتبوو.

**٢. دیاریکردنی بەشەوانە:-**

توێژەر بە پێی خشتەی وانەکانی بەش و ڕێکەوتن لە گەڵ بەشی جوگرافیا، بەشەوانەکانی هەرسێ کۆمەڵەکەی ڕێکخست بۆ ئەوەی لە یەك ڕۆژدا وانە لە هەرسێ کۆمەڵە بخوێندرێت بە جۆرێك کە بۆ هەر هەفتەیەك سێ وانە هەبوو کە بۆ هەر یەك لە کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو ماوەی توێژینەوەکە بریتی بوو لە شەش هەفتە، کە بۆ هەر یەکێك لە کۆمەڵەکانی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو (١٨) وانە خوێندرا.

**٣. ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە.( Planning Instruction Preparation)**

مەبەست لە پلانی وانە وتنەوە بۆ هێنانەدی ئامانجی فێرکارییە، پێشبینییەکی لەمەوپێشە بۆ هەڵوێستی فێرکاری کە مامۆستا دایدەنێت بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە فێرکارییەکان (نیهان، ٢٠٠٨، ٧٩).

ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە بە یەکێك لە پێداویستییەکانی وانەوتنەوەی سەرکەوتوو دادەنرێت بۆیە توێژەر هەستا بە دانانی پلانی وانەوتنەوە بۆ هەرسێ کۆمەڵەکە کە توانی (١٨) پلانی وانەوتنەوە بۆ هەروانەیەك لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی ئامادەکرد، کە لە ئەزموونەکەدا (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای سوکراتی بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی یەکەم و (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای کێشە بنێرە بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی ئەزموونی دووەم و (١٨) پلانی بە شێوازی ڕێگای ئاسایی بوو بۆ خوێندکارانی کۆمەڵەی کۆنترۆڵکراو، توێژەر نمونەی پلانەکانی خستە بەردەم کۆمەڵێك شارەزا و پسپۆر لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا بە مەبەستی وەرگرتنی ڕاوبۆچون و سەرنج و پێشنیارەکانیان بە مەبەستی باشتر دارشتنەوەی پلانەکە بە جۆرێك ڕاست و دروست بێت و بابەتی بێت، توێژەر هەموارکردنی پێویستی ئەنجامدا و پلانەکەی ئامادە و جێ بە جێکرد.

**پێوەری بیرکردنەوەی زانستی (scientific thinking):**

لە بەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی بۆ پێوانەی بیرکردنەوەی زانستی، توێژەر پشتی بەستووە بە پێوەری ئامادەکراو کە لە لایەن (القادري ٢٠٠٥)بەکارهێنراوە، ئەم پێوەرە لە (٣٢) برگە پێکهاتووە و خۆی لە (٥)تەوەری سەرەکی دەبینێت و تەوەری یەکەم پێکدێت لە (٨) پرسیار بەڵام بۆ تەوەری دووەم و تەوەری سێیەم و تەوەری چوارەم وتەوەری پێنجەم هەرکێکیان پێکدێن لە (٦) پرسیار بۆ هەر پرسیارێکیش (٣) دانە بژاردە هەیە کە یەکێکیان وەڵامی ڕاستە لە دوای دڵنیا بوون لە ڕاستی و دروستی پێوەرەکە بەم شێوەیە ڕونکراوەتەوە دوای ئەنجامدانی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە :-

**ڕاستگۆیی وەرگێران (translate Validity)**

بە مەبەستی دیاریکردنی ڕاستگۆیی وەرگێران توێژەر پێوانەکەی دا بە چەند شارەزایەکی زمانەوانی دواتر پێوانە کوردیەکە درایەوە بە کەسێکی پسپۆری زمانی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

عەرەبي كە شارەزای تەواوی لە زمانی کوردیش هەبوو بۆ ئەوەی پێوەرەکە وەربگێڕێتەوە سەر زمانی کوردی، پاشان پێوانە کوردیەکە جارێکی تر درایەوە بە کەسێکی شارەزا و پسپۆر لە زمانی عەرەبی کە کوردی بە باشی دەزانی بۆ ئەوەی وەربیگێڕێتەوە سەر زمانی عەرەبی،دواتر پێوانە عەرەبیە بنچینەیەکە لە گەڵ پێوانە عەرەبیە وەرگێڕاوەکە درا بە کەسێکی تری شارەزا و پسپۆر لە زمانی عەرەبیدا بۆ ئەوەی رادەی لە یەك چوونی بڕگەکان بە ڕێژەی سەدی دەستنیشان بکات بۆ دڵنیابوون لە ڕاستگۆیی وەرگێڕانەکە، دواتر توێژەر ڕێژەی سەدی بۆ بڕگەکان دەرهێنا و ڕێژەکەی گەیشتە ( ٩٥٪).

**ڕاستگۆیی ڕواڵەت (Face Validity):** ئامانجی سەرەکی بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوە وهەڵسەنگاندن,بەجۆرێك ئامرازەکان لەگەڵ مەبەستی دیاریکراو بگونجێن واتە هەڵسەنگاندنی ڕاستگۆیانە ئەوەیە کە لەپێناو ئامانجێکی روون و ڕاست ئەنجامدەدرێت (رسول,٢٠١٧: ١٤٧).

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژینەوە توێژەر پەنای بردە بەر ڕاو بۆچوونی شارەزایان بۆ ئەم مەبەستە بڕگەکانی پێوانەکە خرانە بەر دەستی (٢٠) شارەزا لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەرونزانی، داوایان لێکرا کە ڕاو بۆچونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەر ببڕن و هەر گۆڕانکایەکیشیان پێ باش بوو بێت پێشنیاری بکەن دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان بە پێی بۆچوونی شارەزایان ئەو بڕگانە مانەوە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لە سەر مانەوەسان لە سەرووی (٩٥%) بوو بەم شێوەیە لە کۆی (٣٢) بڕگە، سەرجەم بڕگەکان وەك خۆیان مانەوە و هیچ بڕگەیەك لانەدرا.

**ڕاستگۆیی بونیادنان (Construct validity) :**

توێژەر ڕاستگۆیی بونیادی ئەنجامدا بۆ پێوانەی (بیرکردنەوەی زانستی) لە سەر نمونەی سەرەتایی کە پێکهاتبوون لە (١٠٠) خوێندکاری نێر و مێ، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان بڕگەکانی پێوانەکە بۆ کۆی گشتی پێوانەکە و دۆزینەوەی.

خشتەی (١١)

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری بیرکردنەوەی زانستی بە کۆی پێوەرەکەی نیشان دەدات

| تەوەرە | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشە | 1 | .622** | 4 | .583** | 7 | .585** |
| | 2 | .519** | 5 | .503** | 8 | .581** |
| | 3 | .493** | 6 | .610** | | |
| گریمانە | 9 | .606** | 11 | .666** | 13 | .650** |
| | 10 | .643** | 12 | .684** | 14 | 607** |
| ڕاستی گریمانە | 15 | .613** | 17 | .596** | 19 | .624** |
| | 16 | .584** | 18 | .541** | 20 | .620** |
| شرۆڤەکاری | 21 | .654** | 23 | .509** | 25 | .717** |
| | 22 | .553** | 24 | .683** | 26 | .691** |
| گشتاندن | 27 | .636** | 29 | .662** | 31 | .634** |
| | 28 | .639** | 30 | .657** | 32 | .654** |

N= 100 ** P-value < 0.01 * P-value < 0.05

**دیاریکردنی جێگیری (Reliyability):** تاقیکردنەوەی جێگر هەمان ئەنجامی پێشوی ئەو گروپە خوێندکارەمان پێدەدات,دوبارە خوێندکارەکان تاقیبکەینەوە لە هەمان بابەت,کەواتە جێگیری ڕاستی و دروستی تاقیکردنەوەکان دیاریدەکات واتە ئەگەر ئەنجامی دەستکەوتی دووەم هەمان ئەنجامی دەستکەوتی تاقیکردنەوەی یەکەم بوو ئەوا تاقیکردنەوەکە جێگرو نەگۆڕە(حمدامين، ٢٠١٦: ١٧٠)

توێژەر بۆ دیاریکردنی جێگیری پێوانەکە، چەند ڕێگایەکی بەکار هێنا وەك:-

**١.ڕێگەی (ئەلفاکرونباخ – Coronbachs Alpha)**

توێژەر جێگیری بۆ پێوانەکەی بە ڕێگەی (ڕێگەی ئەلفاکرونباخ ) دۆزیەوە کە یەکێکە لە ڕێگەکانی دەستنیشانکردنی گونجاوی ناوکی، پاش جێبە جێکردنی پێوانەکەی بە سەر (١٠٠) خوێندکاری نمونەی سەرەتایی، دەرکەوت بەهای جێگیری پێوانەکە بەم ڕێگەیە بریتییە لە (0.71 ) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

خشتەی (١٢)

جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی زانستی ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha)

| ڕەهەندەکان | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| کێشە | 0.690 | 8 |
| گریمانە | 0.716 | 6 |
| ڕاستیەتی گریمانە | 0.638 | 6 |
| شرۆڤەکاری | 0.706 | 6 |
| گشتاندن | 0.722 | 6 |
| جێگیری گشتی | 0,71 | 32 |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

### ٢. ڕێگەی ئەنجامدان و دوبارە ئەنجامدانەوە Test - retest

بە مەبەستی دیاریکردنی جێگیری پێوانەی بیرکردنەوەی زانستی توێژەر جێگیری بۆ پێوانەکە بە شێوازی ( Test - retest ) ئاشکرا کرد لە ڕێکەوتی (٩/ ١١/ ٢٠٢١) بۆ جاری یەکەم پێوانەکە بە سەر (٣٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەمی زانکۆدا جێبەجێکرا کە بەشێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و پێکهاتبوون لە ڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ لە ڕێکەوتی (٢٣/ ١١/ ٢٠٢١) دوبارە پێوانەکە لە سەر هەمان نمونە جێ بە جێکرایەوە، دواتر پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person) دۆزرایەوە بەپێی بوارەکانی بیرکردنەوەی زانستی .

خشتەی (١٣)

جێگیری پێوەری بیرکردنەوەی زانستی بە ڕێگەی دوبارە جێگیرکردن Test - retest

| ڕەهەند | ئەنجامدان | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەها پەیوەستی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کێشە | جاری یەکەم | 30 | 2.43 | 1.165 | 0.868 | 0.000 |
| | جاری دووەم | 30 | 2.77 | 1.194 | | |
| گریمانە | جاری یەکەم | 30 | 1.97 | 1.810 | 0.724 | 0.000 |
| | جاری دووەم | 30 | 2.03 | 1.159 | | |
| شرۆڤەکاری | جاری یەکەم | 30 | 1.37 | 1.712 | 0.729 | 0.000 |
| | جاری دووەم | 30 | 2.10 | 1.242 | | |
| شیکردنەوە | جاری یەکەم | 30 | 3.27 | 1.799 | 0.737 | 0.000 |
| | جاری دووەم | 30 | 2.87 | 1.224 | | |
| گشتاندن | جاری یەکەم | 30 | 2.47 | 1.925 | 0.709 | 0.000 |
| | جاری دووەم | 30 | 2.97 | 1.377 | | |

- **تایبەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی.**

بە شێوەیەکی کۆتایی پێوانەی بیرکردنەوەی زانستی لە (٣٢) بڕگە پێکهاتبوو لە پێنج تەوەری سەرەکی پێکهاتبوو بە شێوەیەکی گشتی بڕگەکان لای خوێندکاران ڕوون بوون هەروەها بژاردەی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی بڕگەکان بە جۆری سێ بژاردە داڕێژراوە واتە بۆ هەر پرسیارێك (٣) سێ بژاردە هەیە کە دەبێت وەڵامی ڕاست هەڵبژێرێت و بەهای بژاردەکانیش (١,٠) بوو.

- **پێوانەی ئاراستەی خوێندکاران سەبارەت بە وانەی گفتوگۆی ئەکادیمی.**

لە بەر نەبوونی پێوانەیەکی گونجاو بە زمانی کوردی دوای پێداچوونەوە بە توێژینەوەکان و سوود وەرگرتن لە سەرچاوەکان و پەرتوکەکان و سوود وەرگرتن لە توێژینەوەی (کریم و محمد, ٢٠١٥) و (الرکابي, ٢٠١٤) توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی پێوانەیەك بە گۆڕاوی (ئاراستەی خوێندکاران) بۆ ئەم مەبەستە ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجامدرا.

### ١. ئەنجامدانی ڕاپرسی کراوە

توێژەر ڕاپرسیەکی کراوەی ئەنجامدا بۆ (٦٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەم لە ڕێکەوتی ٢١- ٢٢- ٢٣- ئاياری ٢٠٢١) بۆیە ئەو خوێندکارانەی هەڵبژارد چونکە لە قۆناغی یەکەمی زانکۆییدان و ئەو بابەتەیان لە کۆرسی یەکەمدا خوێندوە. پرسیارەکە بریتي بوو لە (بەرای تۆ خالی باش و خالی خراب لە بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی چیە ؟؟) دوای کۆکردنەوەی ڕاپرسیەکە توێژەر توانی (٣٦) بڕگە ئامادە بکات.

### دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەت Face Validity

بۆ دیاریکردنی ڕاستگۆیی ڕواڵەتی توێژەر پەنای بردە بەر ڕاوبۆچوونی شارەزایان لە بواری ڕێکاکانی وانەوتنەوە و پەروەردە و دەرونزانی ، داوایان لێکرا ڕاوبۆچوونی خۆیان سەبارەت بە گونجاوی بڕگەکان و بژاردەکان دەبڕن و هەر گۆڕانکارییەك پێیان باشە پێشنیاری بکەن ، دوای کۆکردنەوەی فۆرمەکان، بە پێی بۆچوونی شارەزایان تەنها ئەو بڕگانە مانەوبە کە ڕێژەی ڕێکەوتن لە سەر مانەوەیان (٩٥٪) یان زیاتر بوو بەم شێوەیە لە کۆی گشتی (٣٦) بڕگە تەنها(٣٢) بڕگە مایەوە کە (٤) بڕگە لادران کە بریتی بوون لە بڕگەکانی (١٠، ٢٠، ٢٩، ٢٧) هەروەها گۆڕانکاری داڕشتن لە چەند بڕگەیەك کرا بڕگەکانی تر وەك خۆیان مانەوەکە بریتی بوون لە ( ١ – ٢ – ٣ – ٤ – ٥ -٦ – ٧ -٨ – ٩– ١١ – ١٢ – ١٣ – ١٤ – ١٦ -١٧ -١٨-١٩ –٢١– ٢٢ – ٢٣ – ٢٤ –٢٥–٢٦ -٢٨– ٣٠-٣١ – ٣٢ -٣٣ - ٣٤ )، بەم جۆرەش کۆی بڕگەکانی پێوەری ڕێزگرتن لە بەرامبەر بریتي بوون لە (٣٢) بڕگە.

### ڕاستگۆیی بونیادنان (Construct validity).

جۆرێکە لە جۆرەکانی ڕاستگۆیی و پشتی پێ دەبەسترێت لە دیاریکردنی ڕاستگۆیی پێوانە پەروەردەییەکان، کەواتە ڕاستگۆیی بونیادنان واتە پەیوەندی نمرەکانی پێوانەکە بە نمرەی گشتی و پێوەرکە.

توێژەر ڕاستگۆیی بونیادنانی ئەنجامدا بۆ پێوانەی ڕێزگرتن لە بەرامبەر لە سەر نمونەی سەرەتایی خوێندکارانی وەرگیراوی قۆناغی یەکەم بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) کە ژمارەیان (١٠٠) خوێندکار بوو لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ لە بەشە جیاجیاکانی زانکۆی کۆیە، دواتر بە بەکارهێنانی هەگبەی ئاماری بۆ پێوانەکردنی زانستە کۆمەڵآیەتییەکان (SPSS) هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person)ی لە نێوان بڕگەکانی پێوانەکە بە کۆی گشتی پێوانەکە دۆزیەوە.

خشتەی (١٤)

پەیوەستی هەر بڕگەیەکی پێوەری ئاڕاستە بە کۆی پێوەرەکە

| بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست | بڕگەکان | ب. پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| 1 | .452** | 9 | .298** | 17 | .512** | 25 | .238* |
| 2 | . 419** | 10 | .413** | 18 | .318** | 26 | .419** |
| 3 | .557** | 11 | .468** | 19 | .475** | 27 | .345** |
| 4 | .436** | 12 | .393** | 20 | .352** | 28 | .484** |
| 5 | .305** | 13 | .350** | 21 | .393** | 29 | .467** |
| 6 | .435** | 14 | .344** | 22 | .256** | 30 | .083 |
| 7 | .489** | 15 | .381** | 23 | .400** | 31 | .382** |
| 8 | .408** | 16 | .463** | 24 | .022 | 32 | .405** |

N= 100 ** P-value < 0.01 * P-value < 0.05

لە ئەنجامدا دەرکەوت کە هەندێك لە بڕگەکانی پێوانەکە پەیوەندییەکی بە هێزیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەیە، بەڵآم هەندێك لە بڕگەکان پەیوەندی لاوازیان بە نمرەی گشتی پێوانەکەوە هەبووە وەك بڕگەکانی (٢٤، ٣٠) بەهای پەیوەندیمان کەمتر بووە لە (١٩%) پەیوەستی بەڵگەداری ئاماریان نەبوو بۆیە بڕگەکانی (٢٤ و ٣٠) پەیوەستی بەڵگەداریان نەبوو لە پێوانەکە لادران، بەم شێوەیەش (٣٠) بڕگە مایەوە.

**دیاریکردنی جێگیری (Relibility):** بەئامرازێك دەوترێت جێگر ئەگەر بۆ زیاتر لەجارێك بەسەرهەمان کۆمەڵگەدا باش کاتێکی دیاریکراو ئەنجامبدرێت و هەمان ئەنجام یان ئەنجامێکی هاوشێوە بدات بەدەستەوە.(دیاب, ٢٠٠٣:٦١)

**ڕێگەی ئەلفاکرونباخ – Coronbachs Alpha):** ڕێگەی ئەلفاکرونباخ بۆ دیاریکردنی جێگیری ناوەکی بەکار هێنرا چونکە ئەم ڕێگەیە ئاستی گونجاوی بڕگەکان لە گەڵ یەکتری دەردەخات، بۆیە پێوانەکە بە سەر (١٠٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەمی زانکۆدا وەك نمونەی سەرەتایی دابەشکرا، کە بەهای جێگیری پێوانەکە بریتی بووڵە (٠،٨٢) کە ئەمەش جێگیریەکی پەسەندە.

خشتەی (١٥)

جێگیری پێوەری ئاڕاستەکان نیشان دەدات ئەلفای کرۆنباخ (Cronbach's Alpha)

| ناونیشانی تەوەر | Cronbach's Alpha | ژمارەی بڕگە |
|---|---|---|
| ئاڕاستەی خوێندکاران | 0.826 | 30 |

**ڕێگەی ئەنجامدان و دوبارە ئەنجامدانەوە (Test – retest):** لەم جۆرەدا جێگیری پێوانەکە شێوازی (Test – retest) ئەنجادا بۆ جاری یەکەم لە ڕێکەوتی (٩/ ١١/ ٢٠٢١)پێوانەکە بە سەر (٣٠) خوێندکاری قۆناغی یەکەمی زانکۆدا جێ بە جێکرا کە بەشێك بوون لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی و دوای تێپەربوونی لە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێ، دوای تێپەڕبوونی (١٥) ڕۆژ دووبارە لە ڕێکەوتی (٢٣ / ١١/ ٢٠٢١) دوبارە پێوانەکە لە سەر هەمان نمونە جێ بە جێکرایەوە، دواتر پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم و ئەنجامی دووەم لە ڕێگەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسۆن (Person) دۆزرایەوە، لە ئەنجامدا دەرکەوت بەهای پەیوەندی نێوان ئەنجامدانی یەکەم وئەنجامدانی دووەم بریتی بوو لە (٠،٧٤) ئەمەش پەیوەندیەکی پەسەندە.

خشتەی (١٦) دووبارە تاقیکردنەوە

| ڕەهەند | تاقیکردنەوە | ژ. سامپڵ | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای پەیوەندی | ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پێوەری ئاراستە | یەکەم | 30 | 90.47 | 15.120 | 0.749 | 0.000 |
| | دووەم | 30 | 89.73 | 13.804 | | |

**تایبەتمەندی پێوانەکە بە شێوەی کۆتایی .**

پێوانەی (ئاراستەی خوێندکاران) بە شێوەی کۆتایی لە (٣٠) بڕگە پێك دێت بە شێوەیەکی گشتی بڕگەکان لای خوێندکاران ڕوون بوون و هەروەها بژاردەی وەڵامدانەوە لە ناوەڕۆکی بڕگەکان بە جۆری پێنج بژاردە دارێژراوە، واتە بۆ هەر پێنج بژاردە و وەڵام لە بەرامبەر بڕگەکان هەیە، کە بریتین لە (زۆر لە گەڵیم، لە گەڵیم، نازانم، لە گەڵی نیم، کەم لە گەڵیم) و بەهای بژاردەکان بریتین لە (٥ – ٤ – ٣ – ٢ - ١) بە هەمان ڕیزبەندی.

**بەشی چوارەم**

**خستنەڕووی دەرئەنجام و شیکردنەوەی داتاکان**

خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بەپێی گریمانەکانی توێژینەوەکە دەخاتەڕوو وە گریمانەکان بریتی بوون لە:

١. هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە ڕێگای وتووێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە پێوانەی بیرکردنەوەی زانستی.

بۆ گەیشتن بە دروستی ئەم گریمانە توێژەر دوای داخیلکردنی داتاکان بە بەرنامەی (SPSS) بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری ( Independent Sample T.test) تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ ئەنجامدا, ئەم پێوەرە پێکهاتبوو لە (٥) ڕەهەند ,وەك لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت لە هیچ لە ڕەهەندەکان دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپی ئەزموونی یەکەم بە ڕێگای سوکرات و گروپی کۆنترۆڵکراو بەڕێگای ئاسایی بوونی نیە ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە p- value گەورەترە لە ئاستی (0.05) بەڵام لەئاستی کۆی گشتی پێوەرەکاندا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی دەکرێت ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی_( 0.014 p value )کە بچوکترە لە ئاستی (0.05) ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ گروپی ئەزموونیەکەمی ڕێگای سوکرات چونکە ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (16.13) گەورەترە لە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بریتیە لە (14.67). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە بەکۆی گشتی پێوەرەکە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی ئاستی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پەرژەوەندی خوێندکارانی گروپی ئەزموونیدایە کە بە ڕێگای وتوو وێژی سوکراتی لە بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمی وانەیان پێ دەوترێتەوە بە بەراوردکردن لەگەڵ ڕێگای ئاسایی کە وانەیان پێ دەوترایەوە, بەم شێوەیەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوە و گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت : جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی یەکەم کە بە ڕێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە ئاستی بیرکردنەوەی زانستی.

توێژەر ئاستی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی لە بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمی دەگەڕێنێتەوە بۆ کاریگەری و سەرکەوتنی ڕێگای وتوو وێژی سوکراتی لە فێربووندا، چونکە لەم ڕێگایەدا دەرفەت بە خوێندکار دەدرێت کە بەشداری پێبکرێت و ڕۆڵێکی چالاك دەبینێت و دەتوانێت ڕاو بۆ چوونی خۆی دەربڕێت, ئەمەش لەوانەیە کاریگەری لەسەر لایەنی مەعریفی خوێندکار هەبێت و ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوەی خوێندکارو زانیاری زیاتری دەستکەوێت و زانیاری زیاتر کۆبکاتەوە لە چاو گروپی کۆنترۆڵدا.

خشتەی ( ١٧ )

بەراوردکردنی تاقیکردنەوەی گروپی ئەزموونی یەکەم بە ریگای سوکرات و گروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری بیرکردنەوەی زانستی

| ڕەهەند | گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەڵگەداری ئاماری sig | بەهای (t) دەرهێنراو | بەهای (t) خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم دیاریکردنی کێشە | گروپ سوکرات | 15 | 4.20 | 0.267 | 0.862 | 0.387 | 0.879 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵ | 15 | 3.93 | | 0.799 | | | | |
| ڕەهەندی دووەم هەڵبژاردنی ئەرکەکان | گروپ سوکرات | 15 | 2.93 | 0.267 | 0.594 | 0.238 | 1.206 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.67 | | 0.617 | | | | |

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی سێیەم تاقیکردنەوەی ئەرکەکان | گروپ سوكرات | 15 | 3.07 | 0.333 | 0.594 | 0.172 | 1.402 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.73 | | 0.704 | | | | |
| ڕەهەندی چوارەم | گروپ سوكرات | 15 | 2.93 | 0.200 | 0.884 | 0.443 | 0.778 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.73 | | 0.458 | | | | |
| ڕەهەندی پێنجەم گشتاندن | گروپ سوكرات | 15 | 3.00 | 0.400 | 0.655 | 0.127 | 1.572 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.60 | | 0.737 | | | | |
| کۆی گشتی | گروپ سوكرات | 15 | 16.13 | 1.47 | 1.922 | 0.014 | 2.635 | 2.048 | بەڵگەدارە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 14.67 | | 0.976 | | | | |

٢_ هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرۆپی ئەزمونی کە بە ڕێگای وتوویژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاڕاستەیان بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی.) توێژەر ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری بۆ هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەرهێنا.

توێژەر دوای بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری (Independent Sample T.test) تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ ئەنجامدا, وەکو لە خشتەی (١٨) دەردەکەوێت جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی ئەزموونی بریتی بوولە (126.13) بە ڕێگای وتووێژی سوکرات وانەی پێوتراوە لە پێوەری ئاراستەیان بۆ بابەتی گفتووگۆی ئەکادیمی وناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراوبریتی بوو لە(63.33) کە بەڕێگای ئاسایی وانەی پێ دەوترایەوە ,ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (51.434) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value=0.000<0.05 ,لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گرووپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری ئاراستەی خوێندکاران لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزموونیدایە ,بەمەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت :(جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرۆپی ئەزمونی کە بە ڕێگای ستراتیجیەتی وتوێژی سوکراتی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندکاران.توێژەر هۆکاری بوونی کاریگەری بۆ ئەمە دەگەڕێنێتەوە کە خوێندکاران کارلێکی ڕەفتاری و کۆمەڵایەتیان لە ئەنجامی تێبینی و تێگەشتن و بەشداریکردن و بەشداربوون لە ناوپۆلدا وایکردوە کە ئاراستەیەکی ئەرێنی دروست بکەن بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی و حەزوئارەزوویان هەبێت بۆ بابەتەکە لە ڕێگای بەکارهێنانی ڕێگای سوکراتی کە تیایدا خوێندکار بەشدارە و ڕۆڵێکی باش دەبینێت.

خشتەی (١٨)

جیاوازی نێوان گروپی سوکرات وگروپی کۆنترۆڵکراو لە پێوەری ئاراستەی خوێندکاران

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەهای (t) | | بەڵگەداری ئاماری Sig. |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| گروپ ئەزموونی سوکرات ئاراستەی خوێندکاران | 15 | 126.13 | 62.80 | 3.944 | 51.434 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆڵکراو ئاراستەی خوێندکاران | 15 | 63.33 | | 2.610 | | | |

٣ _ هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گرۆپی ئەزمونی کە بە ڕێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی زانستی).
بۆ گەیشتن بە دروستی ئەم گریمانە توێژەر دوای داخیلکردنی داتاکان بە بەرنامەی (SPSS) بە بەکارهێنانی تەکنیکی ئاماری ( Independent Sample T.test) تاقیکردنەوەی (t) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ ئەنجامدا, ئەم پێوەرە پێکهاتبوو لە (٥) ڕەهەند ,وەك لەم خشتەی خوارەوە دەردەکەوێت لە هیچ لە ڕەهەندەکان دا جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان گروپی کێشە بنێرە و گروپی کۆنترۆڵکراو بوونی نیە ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە p- value گەورەترە لە ئاستی (0.05) بەڵام لە ڕەهەندی یەکەم بەڵگەدارە لە بەرژەوەندی گروپی کۆنترۆڵکراوە چونکە ناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆڵکراوبریتی بوو لە ( 3.93) گەورەترە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی کێشە بنێرە بریتی بوو لە (2.53) بەڵام لەئاستی کۆی گشتی پێوەرەکەدا جیاوازی بەڵگەداری ئاماری بەدی

دەکرێت ئەمەش بەلەبەرچاوگرتنی_( p- value 0.005 )کە بچوکترە لە ئاستی (0.05) ئەم جیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆ گروپی کێشەبنێرە چونکە ناوەندی ژمێرەیی بریتیە لە (13.27) گەورەترە لە لە ناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆلکراو کە بریتیە لە (14.67) بەم شێوەیە گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت (جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە ڕێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆلکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی بیرکردنەوەی زانستی). توێژەر بوونی کاریگەری بە گشتی دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاستی مەعریفی خوێندکارانی گروپی ئەزموونی بەهۆی کارکردنی گروپات بەرزبوبێتەوە و بوبێتە هۆی گەشەسەندنی لایەنی مەعریفی, بەلاَم نەبوونی کاریگەری لە ڕەهەندەکان لەوانەیە هۆکارەکەی ئەوەبێت کە هەردوو گروپەکە لەم تەمەنەدا ئاستی گەشەکردنیان وەك یەك بێت ئەمەش کاریکردبێتە سەر خوێندکاران.هەروەها بوونی کاریگەری لە ڕەهەندی یەکەم لە بەرژەوەندی گروپی کۆنترۆلکراو لە وانەیە ئاستی زانیاری تێگەشتنی خوێندکارانی گروپی کۆنترۆلکراو بەرزتربووبێت لەچاو گروپی ئەزموونی.

خشتەی ( ١٩ )

بەراوردی تاقیکردنەوەی ئەزمونی دووەمی گروپی کێشە بنێرە لەگەڵ گروپی کۆنترۆلکراو

| ڕەهەند | گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەڵگەداری ئاماری | بەهای (t) دەرهێنراو | بەهای (t) خشتەیی | بەڵگەداری ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەهەندی یەکەم دیاریکردنی کێشە | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 2.53 | -1.400 | 0.640 | 0.000 | 5.298 | 2.048 | بەڵگەدارە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 3.93 | | 0.799 | | | | |
| ڕەهەندی دووەم هەڵبژاردنی ئەرکەکان | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 2.47 | -0.200 - | 0.743 | 0.429 | -0.802 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.67 | | 0.617 | | | | |
| ڕەهەندی سێیەم تاقیکردنەوەی ئەرکەکان | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 2.67 | -0.067 | 0.816 | 0.812 | -0.240 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.73 | | 0.704 | | | | |
| ڕەهەندی چوارەم | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 2.73 | 0.000 | 0.594 | 1.000 | 0.000 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.73 | | 0.458 | | | | |
| ڕەهەندی پێنجەم گشتاندن | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 2.87 | 0.267 | 0.640 | 0.299 | 1.058 | 2.048 | بەڵگەدار نیە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 2.60 | | 0.737 | | | | |
| کۆی گشتی | گروپ کێشە بنێرە | 15 | 13.27 | 1.40 | 1.438 | 0.005 | 3.121 | 2.048 | بەڵگەدارە |
| | گروپ کۆنترۆڵکراو | 15 | 14.67 | | 0.976 | | | | |

٤ــ هیچ جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0.05)بەدی ناکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی دووەم کە بە ڕێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لەگەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆلکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاڕاستەیان بۆ بابەتی گفتوگۆی ئەکادیی.

دوای بەکارهێنانی هاوکێشەی ئاماری ئەنجامەکان دەرکەوت کە جیاوازییەکی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندی ژمێرەیی گروپی کێشە بنێرە کە بریتی بوو لە (122.33) وناوەندی ژمێرەیی گروپی کۆنترۆلکراو کە بریتی بوو لە (63.33) . ئەمەش بە سەرنجدان بەوەی کە بەهای (t) دەرهێنراو (40.365) گەورەترە لە بەهای (t) خشتەیی و هەروەها (P-Value=0.000<0.05). لێرەدا بوونی جیاوازی بەڵگەداری ئاماری لە نێوان ناوەندی نمرەی هەردوو گروپی توێژینەوەکە دەریدەخات لە پێوەری ئاڕاستەی خوێندکاران لە بەرژەوەندی

Original Article |**DOI:** https://doi.org/10.14500/kujhss.v7n1y2023.pp50-69

کۆمەڵەی ئەزموونیدا بوو, بەمەش گریمانەی سفری ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی لەجیاتی پەسەند دەکرێت کە دەڵێت(جیاوازیەکی بەڵگەداری ئاماری لە ئاستی (0,05)بەدی دەکرێت، لە نێوان ناوەندی نمرەکانی گروپی ئەزمونی کە بە ڕێگای کێشە بنێرە وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گەڵ ناوەندی نمرەکانی گروپی کۆنترۆلکراو کە بە ڕێگای ئاسایی وانەیان پێ دەوترێتەوە لە گۆڕاوی ئاراستەی خوێندکاران ).

توێژەر هەبوونی بەڵگەداری ئاماری نێوان گروپی ئەزموونی و کۆنترۆلکراو دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەوەی گرووپی ئەزموونی هەوڵ و ماندوو بونیان بۆ کارکردن بە گروپات بوە زیاتر هەوڵیان داوە بۆ گروپی خۆیان و پاڵنەریان لا دروست بوە بۆسەرکەوتنی گروپی لەوانەیە گیانی هاریکاری و خۆشەویستی زیاتر دروست بووە لە کاتی کارکردنی گروپی.

خشتەی (٢٠)

جیاوازی نێوان گروپی ئەزموونیدووەم بە ریگای کێشە بنێرە وگروپی کۆنترۆلکراو لە پێوەری ئاراستەخوێندکاران

| گۆڕاو | ژمارەی نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | جیاوازی ناوەندەکان | لادانی پێوەریی | بەهای (t) | | بەڵگەداری ئاماری sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | دەرهێنراو | خشتەیی | |
| گروپ ئەزموونی کێشە بنێرە لە ئاراستە | 15 | 122.33 | 59.00 | 5.024 | 40.365 | 2.048 | 0.000 |
| گروپ کۆنترۆلکراو | 15 | 63.33 | | 2.610 | | | |

## بەشی پێنجەم

### ئەنجام و ڕاسپاردەکان و پێشنیارەکان

**ئەنجامەکان:** لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە , توێژەر ئەم ئەنجامانەی بۆ دەرکەوت:-

١ - بەکارهێنانی ڕێگای وتوویژی سوکراتی کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی زانستی ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بە بەراوورد بە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی زانکۆییدا.

٢ - بەکارهێنانی ڕێگای کێشە بنێرە کاریگەری هەیە لەسەر بیرکردنەوەی زانستی و ئاراستەی خوێندکاران بەرەو بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی بە بەراوورد بە ڕێگای وانەوتنەوەی ئاسایی لە قۆناغی یەکەمی خوێندنی زانکۆییدا.

**ڕاسپاردەکان:** توێژەر دوای ئەوەی گەیشتە دەرئەنجامەکان راسپاردەی ئەمانەی خوارەوە پێشکەش دەکات:-

١. پێویستە مامۆستایانی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی ڕێگای وتوویژی سوکراتی بەکاربهێنن لە وانەوتنەوەدا شان بەشانی ستراتیژیەتەکانی تری وانەوتنەوە.
٢. پێویستە مامۆستایانی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی پێویستە شێوازو ڕێگای نوێ بگرنەبەر لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندنی زانکۆدا وەك بەکارهێنانی ڕێگای کێشە بنێرە.
٣. گرنگیدان بە بەکارهێنان و زیادکردنی چالاکی ناوپۆل و خوێندکاران ببنە تەوەرەی سەرەکی بۆ ئەوەی بتوانن بیرکردنەوەی زانستیان بەهێزتر بێت.
٤. پێویستە ئەو مامۆستایانەی بابەتی گفتوگۆی ئەکادیمی لە قۆناغی یەکەمی زانکۆییدا دەڵێنەوە ڕابهێنرێن لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی ڕێگاکانی وتوویژی سوکراتی و کێشە بنێرە لەڕێگای خولی شیاندنەوە.

### پێشنیارەکان بۆ لایەنی پەیوەندیدار

**١.** ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی تری هاوشێوە لە هەمان بابەت لە وەرگرتنی گۆڕاوە دیمۆگرافیەکان وەك ( ڕەگەز- تەمەن – قۆناغ).
**٢.** بەکارهێنانی ڕێگای وتوویژی سوکراتی لەگەشەسەندنی جۆری تر لە بیرکردنەوە وەك بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەکارهێنانی ڕێگای کێشە بنێرە لەبابەتی تر وەك (بابەتی بنەماکانی پەروەردە) لەسەر ئاستی دەستکەوتی خوێندن.
**٣.** توێژینەوەیەکی تر ئەنجام بدرێت لەسەر کاریگەری ڕێگای وتوویژی سوکراتی لەسەر گۆڕاوی پشت بەستوی تر وەك حەزوئارەزووی زانستی.

### سەرچاوەکان


حمدامین,رەمەزان(٢٠١٦),پێوانەو هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی,چاپخانەی چوارچرا,سلێمانی,چاپی یەکەم,بەرێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان

حەمەدامین,رەمەزان(٢٠١٤) رێگاو شێوازە تیۆری وپراکتیکییەکانی وانەوتنەوە,چاپی یەکەم, کتێبخانەی گشتی,چاپخانەی رۆژهەڵات,هەولێر.

رسول,ابراهیم(٢٠١٧),پێوانەوهەڵسەنگاندنی پەروەردەیی,دەزگای چاپ وپەخشی نارین، هەولیر.

عزیز، عزالدین سەلاحەدین(٢٠١٤) بنەماکانی دەرونزانی گشتی,چاپخانەی رۆژهەلات,چاپی پێنجەم, هەولێر.

جامل، عبدالرحمان عبدالسلام، ٢٠٠١، طرق التدريس العامة، الطبعة الثانية، دار المناهج للنشر والتوزيع، عمان-الأردن

جري، خضير عباس واخرون( ٢٠١٨) طرائق التدريس العامة – مفاهيم نضرية تطبيقيةدار الجامعية للنشر والتوزيع، الطبعة الاولى".

جمال,د.محمد ماهر محمود(١٩٩٧) التفكير العلمي و دورالمؤسسات التربوية في تنمية,دار الوفاء للطباعة والنشر والتوزيع.

الحوسنية و أمبو سعيد , عبد الله بن خميس , هدى بنت علي( ٢٠١٦)استراتيجيات التعلم النشط :١٨٠ إستراتيجية مع الأمثلة التطبيقية , ط١ , دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة , عمان – الأردن

الحيلة,محمد محمود(٢٠٠١) طرائق التدريس و استراتيجيات ,الامارات العربية المتحدة, دار الكتاب الجامعي.

الدباغ ,افراح ياسين (٢٠٠٠) اثر استخدام المواد البروتوكول التسجيلات التربوية فى اكتساب الطلبة المدرسين بعض المهارات المختبرية وتنمية اتجاهاتهم نحو مادة علوم الحياة,كلية التربية جامعة الموصل,اطروحة دكتورا.

دياب ,سهيل رزق (٢٠٠٣).مناهج البحث العلمي. غزة,فلسطين

الركابي,رائد بايش وعبور,منال سعد(٢٠١٤) الاتجاهات طالبات كليات التربية نحو مادة طرائق التدريس,كلية التربية الاساسية,جامعة سومر,المجلة ذى قادر المجلد ٩ العدد ٢.

زاده,عقيل سعيد(٢٠١٠),الحوار قيمة حضارية,عمان,دارالنقاش للنشر والتوزيع

سعادة.جودت و يوسف جمال(١٩٨٨) تدريس مفاهيم الغة العربية و الرياضيات و المواد الاجتماعية,طبعة الاولى, دارالجيل,بيروت

سلطان,محمد(٢٠٠٣),السلوك التنظيمى,الاسكندرية,دارالجامعة الجديدة.

شراك، هاجر(٢٠١٩) مهارات التفكير العلمي وعلاقته بمستوى الطموح لدى تلاميذ السنة الثالثة ثانوي علوم تجريبية- دراسة ميدانية ببلدية عين الحجل بالمسيلة- رسالة ماجستير، جامعة محمد بوضياف–المسيلة..

الشمري، ماشي بن محمد، (٢٠١١),استراتيجية في التعليم النشط، المملكة العربية السعودية، وزارة التربية والتعليم، (بنين) الشؤن التعليمية،

الصمادى، احمد، وصفوان حميدات ،(٢٠٠٨) ،اتجاهات طلبةالمرحلة الثانوية في محافظة اربد نحو طرائق التدريس، مجلة جامعة دمشق ، مجد ٢٤ ، العدد الاول

غانم,محمود محمد(٢٠٠٩) مقدمة فى تدريس التفكير,دار الثقافة للنشر والتوزيع,ط١,عمان.

فهروجي,نور خليفه(٢٠١٨),اثر استخدام استراتيجيه ارسل سؤال فى قدره تلاميذ على مهاره الكلام بحث تجريبى فى الصف الثانى بمدرسه مطلع الانوار المتوسطة الاسلاميه تشيجاكواليباك.

القادري، سليمان (٢٠٠٥ )تطوير مقياس لمهارات التفكير العلمي لمستوى طلبة الجامعة، دراسات العلوم التربوية، المجلد ٣٢ ،العدد١ ،ص ٣١.

محمود,صلاح الدين عرفة(٢٠٠٥) تفريد تعليم مهارات التدريس بين نظرية والتطبيق,عالم كتب, القاهرة.

هادى طوالبة واخرون(٢٠١٠) طرائق التدريس,دارالمسيرة, طبعة الاولى,عمان.

Barkley , Elizabeth F ( 2010 ) : Student Engagement Techniques: A Handbook for College Faculty , Jossey-Bass , United States of America .

J.K. Garcia, 2021 ,The Value of Academic Debate, https://privatewriting.net/blog/the-value-of-academic-debate